
تۆ نامری
چاوەکانم.. یادێک
لە دوکتوری
ڕەنجدەران
5


شۆڕشی ژینا و
دەسپێکی شۆڕشێکی
نوێ لە کوردستان
6


پەروەردە: ڕێگای
ڕزگاری و چرای
ڕێگای نەوەی نوێ
7



# دواڕۆژ

دوو هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە
کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
دەریدەکات
ژمارە (١٣٦) ساڵی دەیەم
٢٠١٥/٥/٤ - ٢٢ی خەزەڵوەری ١٤٠٤

dwaroj.net


## بەیانییەی سیاسیی پلۆنۆمی سێهەمی کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵە



لە ڕۆژانی ڕابردوودا سێهەمین پلۆنۆمی کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵە هەڵبژێردراوی کونگرەی ژن ژیان ئازادی (کونگرەی ١٤) بە بەشداریی هەموو ئەندامانی کومیتەی ناوەندی و ئەندامانی جێگر بەڕێوە چوو. پلۆنۆم ڕەشنووسی بەیانەییەی سیاسیی کە پێشتر خرابووە بەردەستی ئەندامانی، خستە بەر باس و لێکدانەوە. پاش قسە و باسی چالاکانی هاوڕێیان و ڕەخنە و پێشنیارەکانیان دەقی کۆتایی بەیانییەی سیاسیی پلۆنۆمی سێهەمی کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵە پەسەند کرا.

کومیتەی ناوەندی لە پلۆنۆمی دووهەم، لە بەیانییە و هەڵوێست وەرگرتنەکانی چەند مانگی ڕابردوو و بەتایبەت لە ساڵڕۆژی هێرشی داگیرکارانەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان لە ٢٨ گەلاوێژدا و لە ساڵڕۆژی شۆڕشی ژینادا بە تێروتەسەلی دۆخی سیاسیی کوردستان، ئێران و ناوچەکەی لێکدابووەوە (کە دەکرێ وەکوو پاشکۆی ئەم بەیانییەی دابنرێ).

بەیانییەی سیاسیی پلۆنۆمی سێهەم بە شێوەی تایبەت لێکدانەوەی دۆخی حکوومەتی ئێران، هەڵچوونە سیاسییەکانی ناو ئێران، ئاسۆی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان و ڕیزبەندیی هێزەکان و ئاکامە ناوچەییەکانی شەڕی دوازدە ڕۆژە تا پلانی سەرۆک کۆماری ئەمریکا بۆ کۆتایی شەڕی غەززەی کردە بنەما کاری خۆی.

بەیانییەی سیاسیی پلۆنۆم

١. ئاڵوگۆڕەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (و تا ڕادەیەک هەموو جیهان) کە لە ٧ی ئۆکتۆبرەوە چووەتە نێو دەورەیەکی تازەوە، خێراتر لە جاران درێژەی هەیە. ئێرانی ئیسلامی و چارەنووسی ڕژێمەکەی لە ناوەندی ئەم ئاڵوگۆڕانەدایە و هاوکات خۆی هۆکار، ئامانج و بابەتەی ئاڵوگۆڕەکانە.

شەڕی ١٢ ڕۆژە کۆماری ئیسلامیی لە جاران سووکتر و بێقەدرتر کرد. شەڕێک کە ئاکامی ٤٦ ساڵ هەڕەشەی هەناردەکردنی ئینقلابی ئیسلامی، سیاسەتە شەڕەنگێزانەکانی حکوومەتی ئێران کە هەر لەسەرەتاوە لەگەڵی بوون، هەڕەشەی بەردەوام بۆ لەناوبردنی ئیسراییل، چەکدار کردن و بەکرێگرتنی گرووپە چەکدار و تیرۆریستەکان لە ناوچەکە، پرۆژەی ئەتۆمی و مووشەکی بوو. لە چەند خولەکەی سەرەتای ئەو شەڕەدا ئەو فەرماندانەی ساڵانێک لافلێدانی بێزهێنەریان کردبووە پیشە و بەرپرسە شەڕخوازەکانی هێزی نیزامیی ئێران و سەرکردەکانی بەرنامەی مووشەکیی حکوومەت لەناوچوون.

شەڕی ١٢ ڕۆژە حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیدا تووشی زەبوونییەکی بێوێنە کردووە. حکوومەتێک کە هەر لە سەرەتاوە لە سەر بنەمای سەرکوت و تاوانی گەورە بەرانبەر بە ژنان، نەتەوەکانی ناو ئێران، تێکۆشەران و چالاکانی سیاسی و تەنانەت ئەو کەسانەی دەوری بەرچاویان لە بە دەسەڵات گەیشتنیاندا هەبوو، دامەزرابوو، لە شەڕێکی کورت خایەندا زەلیل و خار کرا.

...بۆ ل ٢

## سەروتار

## داخستنی تەنگەی هۆرموز: هەڕەشەیەکی هەمیشەیی یان خۆکوژیی سیاسی؟


محەمەد حەکیمی

تەنگەی هۆرموز یەکێک لە گرنگترین ڕێگەکانی ئاویی جیهان و تەنها ڕێگەی هاتووچۆی ناوچەکە و وڵاتانی عەرەبی و ئێرانە و لە ئەگەری داخستن یا هەر مەترسییەک بۆ سەر کەشتییە نەوت هەڵگەرەکان لەلایەن ئێرانەوە نرخی نەوت چەن قات بەرزتر دەبێتەوە، بەو بۆنەوە ئەو تەنگە گرنگیەکی تایبەتی بۆ ناوچەکە و جیهان هەیە.

لە دوای شەڕی دوانزە ڕۆژە و هێرشی موشەکی و درۆنی ئیسرائیل و ئەمریکا بۆ سەر ئێران، توندئاژوەکان و بەرپرسانی سپای پاسدارانی ڕژیمی ئیسلامی ئێران چەندین جار دووپاتیان کردوەتەوە و هەڕەشەی داخستنی تەنگەی هۆرموزیان کردووە و ئەمە وەک خەونێکە بۆ بنەماخوازەکانی ناو ڕژیم و لە ڕۆژانی ڕابردوو نوێنەرانی مەجلسی ڕژیمی ئیسلامی ئێرانیش لەگەڵ داخستن و بەستنی ئەو تەنگەدا هاوڕا بوون و دەنگی ئەرێنیان بە داخستن و بەستنی ئەو تەنگە داوە. بەڵام داخستنی تەنگەی هۆرموز چ کارییگەری و چ کاردانەوەگەلێکی لە ناوچەکە و جیهان بە دژی ڕژیم دەبێت؟ یەکێک لەو ڕێگانەی کە ئێران لە بەردەمیدایە، بەستنی تەنگەی هۆرموزە و ڕژیمی ئیسلامی دەتوانێت بە داخستنی ئەو تەنگە بەر بە ڕۆژانە لانیکەم بەشێکی بەرچاو لە نەوت و گاز کە لەوێوە بۆ دەرەوەی ناوچەکە دەچێت، بگرێت. ڕژیمی ئیسلامی تا ئێستە چەندین جار هەڕەشەی داخستنی ئەو تەنگەی کردوە، بەڵام هەرگیز ئەو هەڕەشانەی نەخستووەتە بواری جێبەجێکردنەوە، چونکا لە کاردانەوەی وڵاتانی عەرەبی و ئوروپایی و ئەمریکا دەترسێت و بە دڵنیاییەوە داخستنی تەنگەی هۆرمۆز وەک ئەوە وایە کە ڕژیم بزمارێک لە تابوتی خۆی بدات و بە جوانی هەستی بەوە کردوە و ئەو ڕێگەی داناوە بۆ ئاخرین کارتی مانەوەی خۆی.

ڕژیمی ئیسلامی ئێران سەبارەت بەو تەنگە دەڵێت: ڕاستە داخستنی تەنگەی هۆرمۆز لە مەجلس پەسەند کراوە و نوێنەران دەنگیان پێداوە، بەڵام لە کۆتاییدا ئەو بڕیارە بەندە بە بڕیاری بەرپرسانی باڵای ڕژیمەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ خودی خامنەیی و ئەوە ناوبراوە کە وەک هەمیشە بڕیاری کۆتایی لەسەر هەموو پرسە گرنگەکان دەدات.

...بۆ ل ٣



## ...پاشماوە

فەرماندە شەڕئەنگێز و شەڕخوازەکانی حکوومەت کە دەوری سەرەکییان لە تاوانەکانەکانی ٤٦ ساڵ شەڕ دژی خەڵک و دژی ئارامی لە ناوچەکە بوو لە یەکەم ساتەکاندا لەناوچوون. خامنەیی خۆی شاردەوە و چیدیکە خەبەرێک لە وتە شەڕەنگێزانەکانی، هەڕەشە ناوچەییەکان و لاف لێدانەکانی لە سەر کۆنترۆڵی چەندین پێتەختی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەبوو.

٢. پرۆژە ناوکی و موشەکییە دەیان ساڵانەکانی حکوومەت کە هەزاران میلیارد تێچوویان هەبوو لەم شەڕەدا هیچ یارمەتییەکی حکوومەتیان نەکرد و بە پێچەوانەوە هەوڵەکانیان بۆ دەسڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی (کە هەموو کاتێک نکۆڵییان لێ کردووە) وەکوو هەڕەشەیەک بۆ سەر وڵاتانی ناوچەکە و جیهان و بۆ پاراستنی دەسەڵاتی دیکتاتۆرییان و گەیشتن بە ئامانجە زێدەخوازانەکانیان، زیاتر لە جاران ئاشکرا بوو و ئیدانەکردنی ئاسانتر بووەوە و هاوپەیمان ناوچەییەکانی بێدەنگ و کپ کرد. ئەم شەڕە بزمارێکی دیکە بوو لە سەر تابووتی هەنارده



کردنی ئینقلابی ئیسلامی، سپای تیرۆریستیی پاسداران، «میحوەری موقاوەمەت» و شەڕەنگێزیی ٤٦ ساڵەی حکوومەتی ئێران.

٣. سپای پاسداران کە فەرماندەکان و هێزە نیابەتییەکانی بە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بڵاوکردبووەوە، لە ٤٦ ساڵی ڕابردوودا هێزی سەرەکیی سەرکوت و دەسەڵات و پارێزەری ترسناکترین دیکتاتۆریی ئایینی بووە و لە ٣٠ ساڵی ڕابردوودا هەموو جمگە سەرەکییەکانی ئابووری و هەناردەکردن و هاوردەکردنی بەدەستەوە گرتبوو، بە جارێک داڕووخا، فەرماندە باڵاکانی لە چەند کاتژمێری سەرەتای شەڕدا کوژران و پێکهاتەکەی درزی تێکەوت، بنەڕەتەکەی تێکچوو و توانای خۆڕێکخستنەوەیان تا ڕادەیەکی یەکجار زۆر لەدەست چووە. هەر چەن هێشتا لە ناو ئێراندا توانای سەرکوت و تاوان و دڵ ڕەقی نواندنیان هەیە بەڵام هەیمەنەی درۆیینەیان لای خەڵک ڕووخاوە و ئەو کۆنترۆڵەی جارانیان بە سەر کۆمەڵگادا نەماوە.

٤. دەسەڵاتی بێ ئەملاوئەولای بەیتی ڕابەری و خامنەیی خۆی کەوتووتە ژێر سێبەری کێشەی ناوخۆیی تا ڕادەیەک ئاشکرای دەسەڵاتداران.

خامنەیی لە بەر بێئاکام بوونی هەموو پرۆژەکانی هەر لە پرۆژەی ناوکی و مووشەکییەوە بگرە تا وتووێژی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، لە پڕچەک کردن و پشتیوانیی هێزە پرۆکسییەکانەوە بگرە تا «هاوپەیمانی» لە گەڵ چێن و ڕووسییە، کەوتووتە بەر شەپۆلی هێرشی بەشک لە کاربەدەستانی حکوومەت و ئەو جێگە و پێگە و هێزەی وەکوو ڕابەرێک کە فتوا دەدا و قسەی کۆتایی دەکا نەماوە و لاواز بووە. بەیتی ڕابەری و فەرماندەکانی سپا و ناوەندی سەرەکیی شەڕەنگێزیی ڕژێم لەبەر یەک هەڵوەشاوە.

٥. سەرەڕای هەموو زەبوونی و لاوازییەک کە ڕژێم لە ئاکامی شەڕی ١٢ ڕۆژەدا تووشی بووە، بۆ چرکەیەکیش دەستی لە سەرکوت، هەڕەشە، لەشکرکێشی، گرتنی بە کۆمەڵی خەڵک و پڕکردنی زیندانەکان هەڵنەگرتووە. لە ٩ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا زیاتر لە هەزار کەس ئیعدام کراون، لەشکەرکێشی و داگیرکاری لە کوردستان و بەلووچستان درێژەی هەیە. ڕێک لەو کاتەدا ئەمریکا و ئیسراییل سەدان تۆن بۆمبیان بەسەریان دا دەباراند ڕژێمی ئێران هەڕەشەی لە هەرێمی کوردستان دەکرد. حوکمی ئیعدامی سێ زیندانیی سیاسیی ژن (وریشەمورادی، شەریفە موحەممەدی و پەخشان عەزیزی) وەکوو خۆی ماوەتەوە و کراوەتە ئامرازێکی گوشار بۆ سەر چالاکیی سیاسیی و بەتایبەتی چالاکانی ژن. ئیعدامی ٦ کەس لە ئەهواز و یەک زیندانیی سیاسی لە سنە نیشانەی ترسی ڕژێم لە ئاخێزە جەماوەرییەکانە کە سەرهەڵدانەوەیان لە ئان و ساتدایە.

هەژاری و هەڵاوسانی ئابووری بەردەوامن. هێڵی هەژاریی ٥٥ میلیۆن تمەنی و لانیکەمی حەقدەستی ١٧ میلیۆن تمەنی، وشک بوونی ڕووبار و گۆل و سەد و سەرچاوەکانی ئاو، بڕانی بەردەوامی وزەی کارەبا و خاڵی بوونی سفرەی خەڵک لە پێداویستییە سەرەتاییەکان بەشێک لەو باجەیە کە خەڵک لە ئاکامی هەوڵی حکوومەت بۆ بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی و هاژەکی دوورهاوێژ، دابینکردنی خەرج و چەک بۆ هێزە پرۆکسییەکانی، دروستکردنی زیندان و بەهێزکردنی دامودەزگای سەرکوت، دەیدەن. هەموو دانیشتوانی ئێران بارمتەی ڕژێمێکن کە کەس لەو بڕوایەدا نییە لەم ئەزمەی ئەمجارە دەرباز دەبێ.

٦. شەڕ دەتوانی حکوومەتی ئێران تا لێواری ڕووخان ببات، زەبوون و لاوازی بکا و لە بەربەرەکانێی ناوچەییدا تووشی شکستی بکا، بەڵام بۆ ڕووخانی ئەم ڕژێمە جەماوەری خەڵک، کرێکاران، ژنان، نەتەوە مافخوراوەکان و بزووتنەوە ناڕەزاییەکانیانن کە دەبێ لە ئەم هەلە تێبگەن و گەیشتبێتنە ئاستی پێویستی خۆ تەیارکردن بۆ ئەوەی بتوانن لە درزەکانی ناو دەسەڵات، وازهێنانی ژمارەیەک لە هێزە سەرکوتکەرەکان و بەگشتی لاوازبوونی بنەماکانی دیکتاتۆریی ئایینیی ئێران بە قازانجی خەباتی خۆیان بۆ ڕووخاندنی حکوومەت سوودوەرگرن. ئەمە گرینگترین دەرسێکە کە دەتوانین لە شەڕی ١٢ ڕۆژەی وەرگرین. کەلک وەرگرتن لە کێشە ناوچەییەکان،



سوود وەرگرتن لە ئاڵوگۆڕە جیهانی و ناوچەییەکان و کاریگەرییەکانیان لە سەر خەبات و بزووتنەوەی مافخوازانە ڕێگەپێدراوە و نیشانەی وشیارییە بەو مەرجە ببێتە هۆی پەرەگرتن، بەهێزبوون و یەکگرتوویی زیاتری خەباتی جەماوەری و بەستێن بۆ ڕاپەڕینێکی جەماوەری ئامادە بکا، ڕاپەڕینێک کە ڕێگە بۆ ڕۆشتن بۆ دوارۆژێکی ئازاد و یەکسان و دادپەروەرانە خۆش بکات. کۆمەڵە حیزبی ڕێکخەر و پێشڕەوەی بزووتنەوە جەماوەرییەکانە ئەم ئاسۆیە دەبێ لە هەموو مەیدانەکانی چالاکیی کۆمەڵەدا ناوەڕۆک و ڕێنوێنی کاری ئێمە بێت.

٧. لە شەڕی ١٢ ڕۆژەدا ژمارەیەک ڕێکخراوی سیاسی کە بەداخەوە هەندێکیان ئیدەعای چەپ بوونیان هەیە جارێکی دیکە ترس و دژایەتیی ئیمپێریالیسم و «هێرشی دەرەکی» خستیانیە داوی پشتیوانی لە دەسەڵاتی سەرکوتکاری «خودی». هەر وەکوو سەردەمی داگیرکرانی سەفارەتی ئەمریکا لە ساڵی ١٣٥٨دا و کاتی شەڕی نێوان حکوومەتەکانی ئێران و عێراق، ڕویان کردە دەسەڵاتداران و پشتیان کردە خەڵک. ئەگەر لە ڕابردوودا و لە سەردەمێکدا کە حکوومەتی ئیسلامی بنەمای ترسناکترین دەسەڵاتی ئایینیی دادەمەزراند فریو خواردن بە ناوی «خەباتی دژە ئیمپریالیستی» کارەساتی لێکەوتەوە و ئاکامەکەی بوو بە سەرکوتێکی خوێناوی، لەم شەڕەدا بێهوودەیی سیاسی، پەراوێزکەوتن و نوقم بوون لە وەهمە کۆنەکاندا وای لێیان کرد دانە دانە بکەونە سەر ڕێگەیەک کە ژیانیان بە دوا پەلەقاژەکانی ڕژیمەوە ببەستنەوە.

لە لایەکی دیکەوە هەڵوێستی ئەوانەی هەموو هیوایان لە سەر هێرشی هێزێکی دەرەکی و ئاڵوگۆڕ لە سەرەوە هەڵچنیوە، ڕێگە چارەیەکی ڕەواو و شیاو بۆ بە سەرکەوتن گەیاندنی بزووتنەوەی مافخوازانە و دادپەروەرانە نییە. کوردستان و زۆربەی حیزبەکانی لەو بابەتەوە شێوازێکی سەرکەوتوویان ڕەچاو کردووە کە بریتییە لە پشتبەستن بە بزووتنەوەی جەماوەری لە دۆخە سەختەکانی خەباتدا و کەلک وەرگرتن لە ئاڵوگۆڕ و ناکۆکییە ناوچەییەکان بۆ بەهێزکردن و پەرەپێدان بە خەبات و خۆڕاگریی جەماوەری.

ئەم دینامیک بوون و ئامادەبوونەی بزووتنەوەی جەماوەری و بوونی کۆمەڵگایەکی مەدەنی بە هەزاران لیدرەوە بووەتە هۆی ئەوەی حیزبەکان وەکوو مەرجەعێکی سیاسی لە بزووتنەوەی کوردستاندا هێشتا بە پێوە بن.

٨. گۆڕانی دۆخی ڕژێمی ئێران لە حکوومەتێکەوە کە ئیدەعای کۆنترۆڵ کردنی چەندین پێتەختی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دەکرد بۆ حکوومەتێک کە لە ئاکامی شەڕی ١٢ ڕۆژەدا و بەمدواییانە بە پلانی تراپ بۆ کۆتایی شەڕی غەزە (کە لە ڕاستیدا خاڵی کۆتایی خەونی هەناردەکردنی ئینقلابی ئیسلامییە) بووتە دەسەڵاتێکی زەبوون و خار، ئەوە دەردەخەن کە سیستەمێکی لەرزۆک کە لەسەر بنەماگەلێکی لاواز دامەزرابوو خەریکە بە تەواوەتی تێکدەچێ. ڕژێمی ئیسلامی بە تەواوەتی لە هاوکێشەکانی ناوچەکە وەلانراوە. هیچکام لە حکوومەتەکانی ناوچەکە فریایان نەکەوتن و هەرکامەیان بە شێوەیەک بە تەمان دواچۆڕی شیرەی گیانی هەڵمژن. چین و ڕووسییە لەو ڕۆژانەدا کە دەبوو کارێکیان بۆ بکەن بە شێوەیەکی نزیک لە ئاشکرا دەستیان بە ڕوویانەوە نا، تورکییە چاوەڕوانە حکوومەتی ئێران کۆتا مانگەکانی تێپەڕکات بۆ ئەوەی خۆی لە ڕۆژهەڵاستی ناوەڕاست جێگەیان بگرێتەوە هەرچەن ئەمەش خەونێکە کە هەر لە ئێستاوە نیشانەکانی شکستهێنانی دەبیندرێ. ٧٥ وڵاتی عەرەبی لە کۆبوونەوەیان لە دۆحە پاش هێرشی ئیسراییل بۆ سەر بەرپرسانی حەماس لەو وڵاتە هەڵوێستێکی ئەوتۆیان نەبوو و ئەمە دەریخست کە ئەو وڵاتانە هێشتا حکوومەتی ئێران بە هەڕەشەیەک بۆ سەر خۆیان دەزانن و ٤٦ ساڵ هەوڵەکانی ئەو حکوومەتە بۆ ناردەکردنی ئینقلاب و ئەو گرفتانەی بۆیانی سازکردووە لەبیر ناکەن و لە ڕیزبەندییە ناوچەیی و جیهانییەکاندا خۆیان لە ئەمریکا و ئیسراییل و ئوورووپا بە نزیکتر دەزانن. بۆ ئیسراییل هێشتا حکوومەتی ئێران بیانوو و دەرفەتێکی ڕەوایە بۆ ئەوەی خەونەکانی بێنێتە دی. ئەمریکا و ئورووپاش باش دەزانن کە کۆماری ئیسلامی چیدیکە مەترسییەکی ئەتۆمی و ناوچەیی نییە بۆ سەریان بەڵام بە ناوی دژایەتیی ئەم دێوزمە کات بەسەرچووە، ستراتێژی نوێی ناوچەیی و جیهانییان دادەڕێژن و بەڕێوەی دەبەن. بۆ ئەوان تەرمی حکوومەتی خامنەیی بیانوویەکە بۆ گەیشتن بە ویست و ئامانجەکانیان و دەسەڵاتی ناوچەیی و جیهانی. چالاک بوونەوەی مێکانیزمی سنەپ بەک سەرەڕای ئەوەی حکوومەتی ئێران دەخاتە دۆخێکی قەیراناویتر و دژوارترەوە بەڵام بە سەرەنجدان بەو شکستە سیاسی و نیزامی و دیپلۆماتیکانەی لە دوو ساڵی ڕابردوودا حکوومەتی ئێران تووشیان بوو، کاریگەرییەکی ئەوتۆی لە سەر چارەنووسیان نابێ.

٩. هەڵچوونە سیاسییەکانی کۆمەڵگا لە ئێران پاش شەڕی ١٢ ڕۆژە بەرەو سەردەمی پاش کۆماری ئیسلامی، پاش سیستەمی ویلایەتی فەقی و خامنەیی و پاش دەسەڵاتی سپای پاسداران ڕۆشتووە. ئەم شەڕە و ناکارامەیی و لاوازیی ڕژێم ئاشکراتر لە جاران بۆ هەموو چینە کۆمەڵایەتییەکان، ژنان، نەتەوەکانی خەساردیتوو لە داگیرکاری، کۆمەڵگای مەدەنی و هەموو توێژە ناڕازییەکانی دەرخست کە لەناوچوونی هەموو سامان و سەرچاوە سروشتییەکان بەرهەمی سیاسەتی شەڕنگێزانەی ٤٦ ساڵی ڕابردووی حکوومەتە. ژنان و نەتەوەکان و هەموو چینە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر لە جاران هەوڵ دەدەن ڕێگەیەک بۆ گەیشتن بە دەورانی پاش کۆماری ئیسلامی بدۆزنەوە و دەرفەت بۆ دەورگێڕانی ئیرادەی جەماوەر، بزووتنەوەی ئازادیخوازانە و یەکسانیخوازانە و دادپەروەرانە و بۆ بەشداریی گشتی لە دیاری کردنی چارەنووسی خۆیاندا لەبارترە.

ئاڵتێرناتیڤە چەقبەستووەکان و هەوڵ بۆ سازان لە سەرەوە و شانۆ قیزەونەکانی ئەو بە ناو سیاسەتمەدارانەی هیچ پێگەیەکی کۆمەڵایەتییان نییە بە هیچ شێوەیەک شانسێکیان بۆ خۆ سپاندن نییە. سوننەتی بزووتنەوە ناڕەزاییە جەماوەرییەکان و پایەداریی ٤٦ ساڵەیان بەرانبەر بە حکوومەتێک کە دەسەڵاتی خۆی لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەرەپێدابوو، زۆر پڕمایەتر و بەهێزتر لەوەیە دەسەڵاتپەرەستان بتوانن خۆیانی بەسەردا بسەپێنن. لە ڕوانگەی کۆمەڵەوە کە یەکێک لە لایەنە دامەزرێنەرەکانی بەرەی «همبستگی فراگیر برای آزادی و برابری در ایران»ە ئەم دامەزراوە و بەیاننییە و سەندە بنچینەییەکەی زەرفێکی شیاو بۆ یەکخستن و هاوئاهەنگیی بزووتنەوەی ناڕەزایی و ڕووخاندنی ڕژێم ئیسلامیی ئێرانن.

١٠. کۆماری ئیسلامی تەمەنی تەواو بووە. لە دنیای هاوچەرخدا تا ئێستە نەبیندرابوو کە حکوومەتێک کە هێشتا نەڕووخاوە ئاوا لە بەرچاوی هەمووان بێدەرەتان و بێبایەخ بێ. ئەوی ئەمڕۆ لە حکوومەتی ئێران ماوەتەوە ڕابەرێکی داماو، سپای پاسدارانی لەبەریەک هەڵوەشاو و لایەنگرانێکی سەرلێشێواو کە بە ترسەوە چاوەڕێی داهاتووی دیاری خۆیان دەکەن.

ڕژێمی ئێران سەرەڕای ئەوەی لە چاو جیهان مانەوەی زۆر ڕێی تێناچێ بەڵام مانەوەی خۆی بە سەرکوت و کوشتار و فەوتاندنی سامانی کۆمەڵایەتییەوە بەستووەتەوە و هەموو ڕۆژێک توان و هێزی سەرکوتی خۆی نمایش دەکا و بە ڕوونی نیشانی دەدا کە بۆ دەسەڵاتدارانی ئێران ترس لە ڕاپەڕینی خەڵک زۆر لە هەڕەشە دەرەکییەکان کوشەندەترە.

کوردستان

یەکەم: کوردستان مێژوویەکی پرشنگداری لە خۆڕاگری بەرانبەر بە داگیرکەران، بەرخۆدانی چەکدارانە، پەرەسەندنی خەباتی مەدەنی، خەباتی یەکسانیخوازانە، مانگرتنی میلیۆنی، خۆڕاگریی نیو زیندانەکان و لە مەیدانەکانی ئیعدامدا و ئاخێزی جەماوەری و بەمدواییانە شۆڕشی شکۆمەندی ژینا بۆ خۆی تۆمار کردووە. مێژوویەک کە دەریدەخا کوردستان بۆ دەورەیەکی دوورودرێژ بە تەنیا ئەرکی خۆڕاگری و بەربەرانکێ لەگەڵ دەسەڵاتێکی وەحشی و سەدەناوەڕاستیی لەسەر شان بووە حکوومەتێک کە ترسی خستبووە گیانی هەموو ناوچەکە.

بۆیە لە کاتی شەڕی ١٢ ڕۆژەدا و لە کاتی هەر ڕووداو و ئاڵوگۆڕێکدا و لە سەردەمی ئاخێزە جەماوەرییەکاندا هەمووان چاویان لە کوردستانە و بێگومان لە داهاتووشدا هەر وا دەبێ.

...بۆ ل ٣



# دیمانەی دوارۆژ؛ چەن پرسی گرنگی تایبەت بە لە سێدارەدانی ژنان و توندووتیژی لەسەر ژنان لە ئێران



چیمەن جەوانرودی

ڕژێمی ئێران تەنانەت لە کاتی بوردومانە توندەکانی ئیسراییل وئەمریکادا چاوی خۆی لە کوردستان دانەخست و هەڕەشە پەیتاپەیتاکانیان ئەوەی دەسەلماند کە کوردستان ئامادەی هەستانە. هەمووان دان بەوەدا دەنێن کە بزووتنەوەی کوردستان لە سەر مێژوویەکی پڕ لە خۆڕاگریی جەماوەری، بزووتنەوەگەلی سیاسی و کۆمەڵایەتیی بەردەوام و لە سەدەمێکیشدا خۆڕاگریی پێشمەرگانەی بەحەق دامەزراوە و بە درێژایی مێژوو هیچ کەسێک بێجگە لە دەستوپێوەندەکان و هاوبیرە فاشیستەکانی ڕژیم نەیتوانیوە ئەو بزووتنەوە بە تیرۆریست و ناسەربەخۆبوون تاوانبار بکا.

دووهەم: لە مەودای نێوان پلۆنۆمی دووهەم و سێهەمدا کوردستان نموونەگەلێکی نوێی خەباتی مەدەنی و توانا و لێهاتوویە جەماوەرییەکانی و وشیاری و ڕێکخراوبوون و ئامادەیی نواند. ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز کە نزیکەی دوو مانگیان خایاند یەکێک لە داهێنان و دەسپێشخەرییە جێی دەسخۆشییەکانی چالاکانی مەدەنیی کوردستانی دەرخست. نواندی لووتکەی خۆئاگایی نەتەوەیەک.

هاوکات بینیمان چۆن چالاکانی ژینگە بە ئاستێکی بەرزی فیداکاری و بە دەستی بەتاڵ چوونە برگری لە شاخ و سروشتی کوردستان و بەداخەوە چوار کەسیان لەو ریگەیدا گیانیان بەخت کرد. (سێ چالاکی دیکەش لە باشووری کوردستان گیانیان بەخت کرد). ڕێکخستنی ڕێوڕەسمەکانی ڕێزلێنان و ئەسپەردە کردنیان و بەشداریی بەرینی خەڵک ئاستی بەرزی پێشکەوتن و وشیاریی دەرخست و بەهێزبوونی کۆمەڵگای مەدەنیی لە کوردستان سەلماند.

ئەو داهێنانگەلە بەرهەمی زیاتر لە دوو دەیە خەباتی مەدەنی، شێوەکانی نوێی ڕێکخستن، هەزاران ڕێکخەر و لیدر بە بوون بەرچاوی ژنان لە ریزەوەی پێشەوەیان، هاوکاریی مەیلە سیاسییە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگای کوردستان و بەهێزبوونی کۆمەڵگای مەدەنییە. ئەم کۆمەڵگایە لە مەیدانی خەباتی مەدەنی و کۆمەڵایەتیدا و پشتگوێخستنی یاساکانی داگیرکەران و دەرخستنی خۆ وەکوو نەتەوەیەکی مافخوراو کە مافی خۆی و دابینکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی دەێ، تاقیکردنەوەیەکی سەخت و تاقەتپرووکێنی تێپەڕاندووە.

سێهەم: لە چەند مانگی ڕابردوودا و لە سەرەتاکانی مانگی جۆزەردان چالاکیی حیزبە کوردستانییەکان بۆ هاوکاری و هاوپشتی و گەیشتن بە پلاتفۆرمێکی هاوبەش و لە کۆتاییدا دامەزراندنی هاوپەیمانییەک لە نێوان حیزبەکاندا، پەرەیسەندووە. هەر وەک لە بەیانییەی پلۆنۆمی دووهەمدا لە مانگی یەکی ئەمساڵدا ڕامانگەیاند دیسان پێداگری لەسەر ئەوە دەکەینەوە لاوازترین خاڵی بزووتنەوەی کوردستان لەمڕۆدا نایەکگرتوویی حیزبەکانی و نەبوونی بەرەیەکی سەقامگیر و ڕێکخراوی کوردستانییە. کۆمەڵە هەموو کاتێک پێی لەسەر ئەو خاڵە گرینگە داگرتووە و لە چەندین بانگەوازدا پێویستیی وەها هاوکارییەکی بە مەرجی سەرەکیی ڕێکخستن و پێشەنگایەتی و نوێنەرایەتیی بزووتنەوەی کوردستان و سەرکەوتنی باس کردووە.

چوارەم: لە ساڵرۆژی شۆڕشی ژینادا کە بووتە سوننەتێکی خەباتکارانە لە کوردستان، کوردستان هاتە دەنگ و بەتایبەت لە سەقزی شارەکەی ژینا و دیواندەرە بە مانگرتنی سەرانسەری ڕێز لە ساڵرۆژی شۆڕش و یادی ژینا گیرا. ئەم ناڕەزاییانە سەرەڕای هێنانی هەزاران هێزی سەرکوتکەر و لیباس شەخسی و داخستنی ڕیگەکانی گۆڕستانی ئایچی و هەڕەشە لە خانەوادەی ژینا بەڕێوەچوون. خانەوادەی ژینا هەم دەور و نەخشێکی بەرچاویان لە دەسپێکی شۆڕشەکەدا گێڕا و هەم لە ساڵرۆژەکانی گیانبەختکردنی ژیندا وەکوو هەمیشە لە ڕیزی پێشەوە ڕاوەستاون.

پێنجەم: پلۆنۆم دیسان پێداگریی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئاڵوگۆڕی بەرین لە بەردەم کوردستان و بزووتنەوەکەیدایە و سەرەڕای ئەوەی زۆرێک لە ئاڵوگۆڕەکان و ڕووداوەکانی ناوچەکە لە دەسەڵاتی ئێمەدا نییە بەڵام لەبەر ئەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەسەڵاتی داگیرکەری ئەو بەشەی کوردستان لە ناوەندی ڕووداوەکاندان، پێویستە خۆمان بۆ هەموو ئەگەرەکان و بەتایبەت بۆ هەڵچوونە چاوەڕوانکراوە جەماوەرییەکان ئامادە بکەین.

کۆمەڵە وەکوو حیزبێکی چەپ و سۆسیالیست لە کوردستان و یەکێک لە ڕەوتە سەرەکییەکانی ڕێکخستنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانە و ئازادیخوازانەی کوردستان کە بۆ گەیشتن بە مافی چارەی خۆ نووسین، دەورێکی چالاک و بەرچاوی گێڕاوە، سوورە لەسەر ئەوەی بە خۆتەیارکردن و ڕوون و شەفاف بوون لە هەڵبژاردنی ڕێکارهایەک کە مافی خەڵکی کوردستان دەستەبەر دەکەن و هاوکاریی لەگەڵ حیزبە سیاسییەکانی دیکە ئەم دەورە مێژووییە سەربەرزانە و سەرکەوتووانە تێپەڕکات.

...پاشماوە

ڕژێمی ئێران تەنانەت لە کاتی بوردومانە توندەکانی ئیسراییل وئەمریکادا چاوی خۆی لە کوردستان دانەخست و هەڕەشە پەیتاپەیتاکانیان ئەوەی دەسەلماند کە کوردستان ئامادەی هەستانە. هەمووان دان بەوەدا دەنێن کە بزووتنەوەی کوردستان لە سەر مێژوویەکی پڕ لە خۆڕاگریی جەماوەری، بزووتنەوەگەلی سیاسی و کۆمەڵایەتیی بەردەوام و لە سەدەمێکیشدا خۆڕاگریی پێشمەرگانەی بەحەق دامەزراوە و بە درێژایی مێژوو هیچ کەسێک بێجگە لە دەستوپێوەندەکان و هاوبیرە فاشیستەکانی ڕژیم نەیتوانیوە ئەو بزووتنەوە بە تیرۆریست و ناسەربەخۆبوون تاوانبار بکا.

دووهەم: لە مەودای نێوان پلۆنۆمی دووهەم و سێهەمدا کوردستان نموونەگەلێکی نوێی خەباتی مەدەنی و توانا و لێهاتوویە جەماوەرییەکانی و وشیاری و ڕێکخراوبوون و ئامادەیی نواند. ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز کە نزیکەی دوو مانگیان خایاند یەکێک لە داهێنان و دەسپێشخەرییە جێی دەسخۆشییەکانی چالاکانی مەدەنیی کوردستانی دەرخست. نواندی لووتکەی خۆئاگایی نەتەوەیەک.

هاوکات بینیمان چۆن چالاکانی ژینگە بە ئاستێکی بەرزی فیداکاری و بە دەستی بەتاڵ چوونە برگری لە شاخ و سروشتی کوردستان و بەداخەوە چوار کەسیان لەو ریگەیدا گیانیان بەخت کرد. (سێ چالاکی دیکەش لە باشووری کوردستان گیانیان بەخت کرد). ڕێکخستنی ڕێوڕەسمەکانی ڕێزلێنان و ئەسپەردە کردنیان و بەشداریی بەرینی خەڵک ئاستی بەرزی پێشکەوتن و وشیاریی دەرخست و بەهێزبوونی کۆمەڵگای مەدەنیی لە کوردستان سەلماند.

ئەو داهێنانگەلە بەرهەمی زیاتر لە دوو دەیە خەباتی مەدەنی، شێوەکانی نوێی ڕێکخستن، هەزاران ڕێکخەر و لیدر بە بوون بەرچاوی ژنان لە ریزەوەی پێشەوەیان، هاوکاریی مەیلە سیاسییە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگای کوردستان و بەهێزبوونی کۆمەڵگای مەدەنییە. کۆمەڵگایە لە مەیدانی خەباتی مەدەنی و کۆمەڵایەتیدا و پشتگوێخستنی یاساکانی داگیرکەران و دەرخستنی وەکوو نەتەوەیەکی مافخوراو کە مافی خۆی و دابینکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی دەێ، تاقیکردنەوەیەکی سەخت و تاقەتپرووکێنی تێپەڕاندووە.

سێهەم: لە چەند مانگی ڕابردوودا و لە سەرەتاکانی مانگی جۆزەردان چالاکیی حیزبە کوردستانییەکان بۆ هاوکاری و هاوپشتی و گەیشتن بە پلاتفۆرمێکی هاوبەش و لە کۆتاییدا دامەزراندنی هاوپەیمانییەک لە نێوان حیزبەکاندا، پەرەیسەندووە. هەر وەک لە بەیانییەی پلۆنۆمی دووهەمدا لە مانگی یەکی ئەمساڵدا ڕامانگەیاند دیسان پێداگری لەسەر ئەوە دەکەینەوە لاوازترین خاڵی بزووتنەوەی کوردستان لەمڕۆدا نایەکگرتوویی حیزبەکانی و نەبوونی بەرەیەکی سەقامگیر و ڕێکخراوی کوردستانییە. کۆمەڵە هەموو کاتێک پێی لەسەر ئەو خاڵە گرینگە داگرتووە و لە چەندین بانگەوازدا پێویستیی وەها هاوکارییەکی بە مەرجی سەرەکیی ڕێکخستن و پێشەنگایەتی و نوێنەرایەتیی بزووتنەوەی کوردستان و سەرکەوتنی باس کردووە.

چوارەم: لە ساڵرۆژی شۆڕشی ژینادا کە بووتە سوننەتێکی خەباتکارانە لە کوردستان، کوردستان هاتە دەنگ و بەتایبەت لە سەقزی شارەکەی ژینا و دیواندەرە بە مانگرتنی سەرانسەری ڕێز لە ساڵرۆژی شۆڕش و یادی ژینا گیرا. ئەم ناڕەزاییانە سەرەڕای هێنانی هەزاران هێزی سەرکوتکەر و لیباس شەخسی و داخستنی ڕیگەکانی گۆڕستانی ئایچی و هەڕەشە لە خانەوادەی ژینا بەڕێوەچوون. خانەوادەی ژینا هەم دەور و نەخشێکی بەرچاویان لە دەسپێکی شۆڕشەکەدا گێڕا و هەم لە ساڵرۆژەکانی گیانبەختکردنی ژیندا وەکوو هەمیشە لە ڕیزی پێشەوە ڕاوەستاون.

پێنجەم: پلۆنۆم دیسان پێداگریی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئاڵوگۆڕی بەرین لە بەردەم کوردستان و بزووتنەوەکەیدایە و سەرەڕای ئەوەی زۆرێک لە ئاڵوگۆڕەکان و ڕووداوەکانی ناوچەکە لە دەسەڵاتی ئێمەدا نییە بەڵام لەبەر ئەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەسەڵاتی داگیرکەری ئەو بەشەی کوردستان لە ناوەندی ڕووداوەکاندان، پێویستە خۆمان بۆ هەموو ئەگەرەکان و بەتایبەت بۆ هەڵچوونە چاوەڕوانکراوە جەماوەرییەکان ئامادە بکەین.

کۆمەڵە وەکوو حیزبێکی چەپ و سۆسیالیست لە کوردستان و یەکێک لە ڕەوتە سەرەکییەکانی ڕێکخستنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانە و ئازادیخوازانەی کوردستان کە بۆ گەیشتن بە مافی چارەی خۆ نووسین، دەورێکی چالاک و بەرچاوی گێڕاوە، سوورە لەسەر ئەوەی بە خۆتەیارکردن و ڕوون و شەفاف بوون لە هەڵبژاردنی ڕێکارهایەک کە مافی خەڵکی کوردستان دەستەبەر دەکەن و هاوکاریی لەگەڵ حیزبە سیاسییەکانی دیکە ئەم دەورە مێژووییە سەربەرزانە و سەرکەوتووانە تێپەڕکات.

## سەروتار

### ...پاشماوە

لە هەمانحاڵدا عەلی خامنەیی، ڕێبەری ڕژێمی ئیسلامی ئێران دوای شەڕی دوانزە ڕۆژە وتی ئەمریکا هەڵەیەکی مێژوویی کرد و دەبێ تاوانی ئەو کردەوانەی بداتەوە، بەڵام ڕێبەری ڕژێم ڕاستەوخۆ باسی تەنگەی هۆرمزی نەکرد.

زۆربەی پسپۆڕان لەسەر ئەو باوەڕەن کە خامنەیی مەبەستی لە کاردانەوە بۆ هێرشی ئەمریکا، داخستنی تەنگەی هۆرموز بووە و ئەوان لەسەر ئەو باوەڕەن کە ڕژێم دەیەوێت ناڕاستەوخۆ ئەو هۆشدارە بە ئەمریکا بدات کە داخستنی تەنگەی هۆرموز کارتێکی گرنگە و ئەوان دەتوانن ئابووری جیهان بخەنە مەترسیەوە و زۆربەی پسپۆڕان لەسەر ئەو باوەڕەن کە لە ئەگەری وەها ڕووداوێک نرخی هەر بەرمیلێک نەوت دەگاتە سەروی ١٥٠ دۆلار.

ڕژێمی ئیسلامی ئێران دەتوانێت لە ڕێگەی مین ڕێژکردنی دوو ڕێگەی ئاویی و هەروەها گەمییە توندڕەوەکان و درۆن و مووشەک لە تەنگەی هۆرموزدا بەر بە ناردنی نەوت لە ناوچەکە بگرێت و لەمناوە وڵاتی چین زەرەرمەندی سەرەکی دەبێت کە پشتیوانی لە ڕژێمی ئیسلامی ئێران دەکات و لە سەدا نەوەدی نەوتی ئێران بە نرخێکی زۆر کەم دەکڕێت و ئەمەش دەبێت هۆی ئەوەی کە پشتیوانی چین لە دەست بدات و لەولاشەوە عەرەبستان یەکێکی دیکە لەو وڵاتانەیە کە بە ڕێژەیەکی بەرچاو نەوت لەو تەنگەوە هەناردەی دەرەوە دەکات. داخستنی تەنگەی هۆرموز دەبێتە هۆی هاتنی هێزەکانی ئەمریکا، بریتانیا و عەرەبستان و ئەوەش دەبێتە هۆی شەڕی ڕاستەوخۆی ئەو وڵاتانە لەگەڵ ڕژێمی ئیسلامی.

بە ڕای من ڕژێم لەم کاتەدا تەنها بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەو تەنگە دابخات بەڵام تا ئێستا هەرگیز ئەو هەڕەشانەی نەخستوەتە بواری جێبەجێ کردنەوە و تەنها لە ئاستی هەڕەشە ماوەتەوە و بە ڕای پسپۆڕان ئەو هەڕەشانە تەنها بۆ فریودانی خەڵکی ئێرانە و مەسرەفی ناوخۆیی هەیە و هیچ وڵاتێک گرنگی بەو هەڕەشانە نادات، چونکا دەزانن بەستنی تەنگەی هۆرمۆز دەبێتە هۆی یەکگرتنێکی ناوچەیی و جیهانی و ئەوەش دەبێتە هۆی خۆکوژیی بۆ ڕژێم.

ئەمە لەلایەکەوە و لەلایێکی دیکەوە «ئیسماعیل کەوسەری» ئەندامی کۆنی سوپا و ئەندامی کومسیونی ئەمنیەتی نەتەوەیی مەجلسی ڕژێم، داخستنی تەنگەی هۆرموزی وەک ڕێکارێکی بەرگری لە خۆیان شرۆڤە کرد. لەلایێکی دیکەوە پسپۆڕان لەسەر ئەو باوەڕەن ئێران دەتوانێت بۆ ماوەیەکی کورت ئەو تەنگە ببەستێت، بەڵام ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دەتوانن لە ماوەیەکی کورتدا لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی نیزامیدا تەنگەکە بکەنەوە.

# شۆڕشی ژینا و دەسپێکی شۆڕشێکی نوێ لە کوردستان



بێهرۆز مەلەکشا

سێ ساڵ لە دەسپێکی شۆڕشی ژینا کە بە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی لە کوردستانەوە هەڵگیرسا و بە خێراییەکی بێوێنە ئێران و جیهانی داگرت تێدەپەڕێ و هێشتاکەش باس لە سەر ئەم شۆڕشە و دروشمەکەی و لایەنە جۆراوجۆرەکانی بە گەرمی بەردەوامە.

ئەم شۆڕشە کە لە راستیدا بەرهەمی خەبات و تێکۆشان و گیانبازی دەیان ساڵە و لە مێژینەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بوو، بە تەنیا ئیعتراز و نارەزایەتیەکی کاتی نەبوو، بەڵکوو شۆڕشێک لە گوتار و چەمک و سوبژێکتیڤی سیاسی کۆمەڵگای ئێران بوو. شۆڕشێک کە نە تەنیا شەقامەکانی هەژاند، بەڵکوو پارادایم و دیسکورسە پێشووەکانی سیاسەت و لەوانە دیسکورسی ئایینی و ریفۆرمخوازی و چاکسازی لە ناوخۆی دەسەڵات و هیوا بە چینەکانی سەرەوەی سڕی و مەیدانی بە ژنان و لاوان و گەلانی پەراوێزخراو و خەڵکی چەوساوە و ستەملێکراوە راستەقینەکانی کۆمەڵگا سپارد و بە پێچەوانەی بزووتنەوە پێشووەکان، نە تەنیا خوازیاری گۆڕانکاری لە یاسا یان چاکسازی لە پەیوەندییەکانی دەسەڵات نەبوو، بەڵکوو خوازیاری نەمان و لەناوچوونی کۆی رژیم و دەسەڵاتی زاڵ بوو لە هەموو ئاستەکانی رەگەزیی، نەتەوەیی، چینایەتی، ئایدیۆلۆژی و کەلتووری و هەتا دوایی.

شۆڕشی ژینا ئەگەری ئاسۆیەکی نوێی لە خۆ گرتبوو، ئاسۆیەک کە تێیدا «ژن» نەک هەر بە تەنیا بابەتێکی یاسایی و حقووقی، بەڵکوو بنەمایەک بوو بۆ خوڵقاندنەوەی سەر لە نوێی کۆمەڵگا. ئاسۆیەک کە تێیدا «ژیان» ببوو بە چەمکێکی سیاسی دژی ئایدیۆلۆژیای حوکمڕانی و دەسەڵاتی «مەرگ» و هەروەها ئاسۆیەک کە تێیدا « ئازادی» ئیتر بە تەنیا بەڵێنێکی ئەخلاقی نەبوو، بەڵکوو داواکاری و ئامانجێک بوو کە لە سەر خەباتی راستەقینەی گەلانی ستەملێکراو بنیات نرا بوو.

شۆڕشی ژینا کە پانتایی و شەپۆلێکی بەرینی نارەزایەتی جەماوەری لەگەڵدا بوو، هەر لە سەرەتاوە نیشانی دا کە لە بنەڕەتدا لە بزووتنەوەکانی پێشوو جیاوازە و ئەمجارەیان خاڵی دەسپێک جەستەی ژن بوو، جەستەی سەرکوتکرا و کۆنترۆڵکرا و چاوەدێریکراو بە درێژایی دەسەڵاتی دژە ژنی کۆماری ئیسلامی و لەم چوارچێوەیەدا زمانی سیاسی کە تا ئەو کات بە شێوەیەکی زۆرینە پیاوسالاریی و ناوەندگەرایی بوو، کەوتە ژێر فشاری جیدی. پارادایمی نوێی وەک فیمینیزمی رادیکاڵ، مافی مرۆڤ و دادپەروەری جێندەری و چەمکەکانی وەک ژن، ئازادی و یەکسانی کە پێشتر لە پەراوێزی زمانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێراندا بوون، بوون بە هەستەی مەرکەزیی نارەزایەتی و داخوازییە گشتییەکان.

ئەم گۆڕانکارییە گوتارییە نەک هەر داواکارییەکانی ژنانی خستە چەق و ناوەندی سیاسەتەوە، بەڵکوو چەمکی سوبژێکتیڤێتی ژنانی وەک هۆکار و عامڵ و بریکاری گۆڕانکاری و ئەکتەرێکی سەربەخۆی سیاسی و کۆمەڵایەتی تۆمار کرد و بەتایبەت ژنان کە پێشتر پەراوێزخراو بوون، بوون بە رێکخەر و پێشەنگی پێکهاتە کۆمەڵایەتی-سیاسییەکان و بەمەش روانگەیەکی نوێ بۆ گۆڕانکارییە بنەڕەتیەکان لە ئێراندا کرایەوە.

شۆڕشی ژینا کە بە پانتایی جوگرافیای ئێران نوێنەرایەتی راپەڕینێکی پێشکەوتووانە دژ بە ئیستبدادی ئایینی و دژە مرۆڤانە و ژنکوژی کۆماری ئیسلامی دەکرد، لە کوردستان بەڵام خاوەن رەهەند و تایبەتمەندیەکی جیاوازتر لە ئاست باقی ناوچەکانی ئێران بوو. جیاوازییەک کە لە ناخی مێژووەوە سەری هەڵداوە و رەگ و ریشەی لە قووڵایی یادەوەریی بە کۆمەڵی گەلی کورددا داکوتاوە. ئەم شۆڕشە لە کوردستان رەنگدانەوەی وەشانێکی رادیکاڵتر و مێژوویتری بزووتنەوەیەکی سەرتاسەری بوو سەبارەت بە پرسی دادپەوەری کۆمەڵایەتی و هەڵاواردنی نەتەوەیی و چەوساندنەوەی چینایەتی و ئینکاری شوناسە کولتوورییەکان، هەر بۆیە بە بێ تێگەیشتن لە داخوازییە مێژوویی و سیاسیەکانی گەلی کوردستان، تێگەیشتنی تەواو لە چەمکی شۆڕشی ژن ژیان ئازادی لە سەرتاسەری ئێران مەحاڵە.

داواکارییەکان لە کوردستاندا رەگ و ریشەی لە ستەمی نەتەوایەتی پێکهاتەیی داکوتاوە و هەر لە سەر ئەم ئەساسە شۆڕشی ژینا لە کوردستان شێوەی بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی-دیموکراتیکی وەرگرت، بزووتنەوەیەک کە شەڕی دژی چەوساندنەوەی جێندەری بە شەڕی دژی چەوساندنەوەی نەتەوەیی و زمانەوانی و کەلتوورییەوە گرێ دا و بە هۆی پاشخانی مێژوویی خەباتەکان و دامەزراوە خۆڕاگرییە ناوخۆییەکان و کولتووری تەشکیلاتی و حوزووری پێشەنگانەی ژنان لە بزووتنەوە سیاسی و نیزامی-پێشمەرگانە و کۆمەڵایەتیەکان، ژنانی کورد جارێکی دیکە لە بزووتنەوەی ژینا نیشانیان دا کە چۆن جێندەر و سیاسەت و رزگاری لە جوگرافیایەکی سەرکوتکراودا بە یەکەوە تێکەڵ بکرێن.

شۆڕشی ژینا لە کوردستان بەتەنیا راپەڕینێکی کاتی و دروشمەکەشی دروشمێکی هاوردە نەبوو، بەڵکوو ئەزموونی ژیاوی ژنانی ئەم نیشتمانە بوو کە لە شاخەوە تا شەقامەکان و لە خەندەقەکانەوە تا ناشتنی شەهیدان، لە هێڵی پێشەوە بوون.

شۆڕشی ژینا درێژە پێدەری مێژوویی خەباتی نەتەوەیی و سیاسی و کولتووریی دەیان ساڵەی گەلی کورد لە دژی ئینکاری شوناس و سەرکوتی سیاسی و کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی بوو. ئەم پەیوەندییە رەگ و ریشەییە بووە هۆی ئەوەی کە داواکارییەکان لە کوردستاندا، هاوکات لەگەڵ پەیوەندیی لەگەڵ باقی گەلانی نیشتەجێی جوگرافیای ئێران و کاریگەرییە پێشکەوتووانەکانی لە سەر راپەڕینی سەراسەری لە ئێران، بەڵام رەهەندێکی ستراکتوریتر و قووڵتر و رادیکاڵتری لە ئاست باقی شوێنەکان هەبێت.

هەر لەم سۆنگەیە و لە کاتێکدا کە لە بەشەکانی دیکەی ئێران و لە دەربڕینی نارەزایەتیەکاندا زیاتر گرینگی بە چاکسازییە سیاسیەکان و مافە مەدەنییەکان و ئازادییە تاکەکەسیەکان دەدرا، لە کوردستان و هەر لە سەرەتای شۆڕشەکە و بە دروشمی داگیرکەری ئێرانی قاتڵی ژینامانی و دەیان دروشمی هاوشێوەی دیکە کە بە دوای ئەمەدا هات، داکۆکی لە مافی دیاریکردنی چارەنووس و کۆتایی هێنان بە سیاسەتە ناوەندگەراییەکان و نکۆڵیکردن لە ناسنامەی نەتەوەیی دەکرا، ئەمەش نیشانی ئەدا کە داخوازییەکانی خەڵک و بە تایبەت نەسڵی تازە لە نێو بزووتنەوەی کوردستاندا گەیشتووەتە ئاستێکی تر و گەشە و گۆڕانکارییەکی قووڵی لە باری فیکری و فەلسەفییەوە پێکهێناوە و نەوەی تازە هاوکات لەگەڵ پێداگری لە سەر کێشە و داخوازییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکانیان، بە ئیرادەیەکی زیاتر و باوەڕ بە خۆ بوونێکی زیاتر و زۆر بە روونی و راشکاوانە باس لە پرسی کورد و شوناسە نەتەوەییەکانیان ئەکەن.

یەکێک لە دەسکەوتە گەورە و دەرئەنجامە بنەڕەتیەکانی شۆڕشی ژینا لە ئاستی ناوخۆی کوردستان، پەرەسەندنی بیری نەتەوەیی و هەرچێ زیاتر بوونەوەی پانتایی شوناسخوازی و پەیوەندیی نێوان سەرجەم ناوچەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بوو. بزووتنەوەی ژینا دەرفەتێکی مێژوویی بۆ پێداچوونەوە و بیرکردنەوەی دووبارە لە شوناس لە ناوچەکانی ئیلام و کرماشان و ورمێ رەخساند. ئەم ناوچانە کە بە درێژایی دەسەڵاتداریێتی کۆماری ئیسلامی و تەنانەت پێش لەوەش لە چوارچێوەی سیاسەتە فەرمیەکانی دەوڵەت- نەتەوەیی لە ئێران بە بەردەوامی هەوڵ درابوو کە شوناسی کوردیان تێدا ئینکار بکرێت و بە گشتی بسڕدرێتەوە، بەڵام خەڵکی ئەم ناوچانە لە گەرمەی شۆڕشی ژینا بە بەشداریکردن لە شۆڕشەکەدا و دوای ئەوەش و لە گەرمەی بەڕێوەبردنی بۆنە نەورۆزییەکانی سێ ساڵی رابردوودا کە لە راستیدا دەکرێ بە درێژەی شۆڕشی ژینا پێناسە بکرێن، بە دەنگێکی بەرز و راشکاوانەتر لە جاران خۆیان بە بەشێکی دانەبڕاو لە نەتەوەی کورد و جەستەی کوردستان ناساند و ئەم پێشهاتە نە تەنیا شکستی پرۆژەکانی کۆماری ئیسلامی بوو، بەڵکوو سەرمایەیکی ستراتیژی بوو بۆ داهاتووی خەباتی کورد.



یەکێکی دیکە لە دەسکەوتە گرینگەکانی شۆڕشی ژینا، گۆڕانکاری لە تێڕوانینی باقی گەلانی نیشتەجێی ئێران و تەنانەت جیهان سەبارەت بە گەلی کورد و شۆڕشە لە مێژینەکەی و گرێدانی سۆزداری سیاسی و ئینسانی خەڵکی ناوچە جیاجیاکانی ئێران بە کوردستانەوە بوو. کۆماری ئیسلامی بە دەیان ساڵ هەوڵی دا بوو کە وێنەیەکی نەشیاو و هەڕەشەئامێز و پڕ لە توندوتیژیی لە گەلی کورد و بزووتنەوەکەی لە رێگەی پڕوپاگەندای میدیایی و پەروەردەی فەرمی و بە ئەمنیەتیکردنی ئەم هەریمە بخاتە روو، بەڵام شۆڕشی ژینا پێگە و مەوقعیەتێکی بەرزتر و سەقامگیرتری بە کوردستان لە دڵی نەتەوە ژێر دەستەکان، ژنانی زوڵملێکراو و خەڵکی زەحمەتکێشی ئێران و جیهان بەخشی و دروشمی؛ «کوردستان، چاو و چرای ئێرانە» کە لە دڵی کۆمەڵگای ئێرانەوە هاتە دەرەوە دەریخست کە پەیوەندیەکی قووڵ لە دڵی شەقامەکان و لە رێگای خوێن و هاوارەوە لە نێو گەلانی ستەملێکراودا دروست بووە، هاوار و بانگەوازێک کە لە پێشکەوتووانەترین خواستەکانی مرۆڤی سەردەم بۆ ژیانێکی سەردەمیانە و ئینسانی و بەرابەر سەرچاوەی گرتووە.

تێڕوانینی ئەمنیەتی و مێژوویی کۆماری ئیسلامی بۆ کوردستان و پێگەی تایبەتی ئەم ناوچەیە لە هاوکێشە ئەمنیەتی و سیاسیەکانی ئێراندا کە بەردەوام وەکوو ناوچەیەکی داگیرکراو چاوی لێکراوە، هۆکار بوون بۆ ئەوەی کە چڕیی سەرکوتکردن لە کوردستان، لە رووی ژمارەی کوژراو و گرتن و میلیتاریزە کردن، لە ئاست ناوچەکانی دیکەی ئێران بێوێنە و زیاتر بوو. سەرەڕای سەرکوتە بێبەزەییانە و بەربڵاوەکانی رژێم لە باقی شار و ناوچەکانی ئێران، لە کوردستان بەڵام بەو پەڕی درندەیی و توندوتیژیی بەرەوڕووی نارەزایەتیەکان بوونەوە. رژێم بە میلیتاریزە کردنی شار و ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان و تەقە و دەستڕێژی راستەوخۆ روو بە خەڵک و کوشتن و گەوزاندنی منداڵان و لاوان و کچان لە خوێنی خۆیاندا، سەرەڕای تێڕوانینی داگیرکەرانەی بۆ خاکی کوردستان و ترس لە پەیوەندیی قووڵی نێوان شۆڕشی ژینا و بزووتنەوەی کوردستان، دەیهەویست دوو پەیام بە ناو خۆی ئێران و جیهان بدات، کە هیچ هێڵێکی سووری لە ناوخۆدا بۆ سەرکوت نییە و بە جیهانیش بڵێت؛ کە هێشتا کۆنترۆڵی رەهای بە سەر ناوچە سنوورییەکان و کەمینە نەتەوەییەکاندا هەیە.


هەرچەندە بزووتنەوەی ژینا بە شێوەیەکی سەرەکی بە راپەڕینێکی کۆمەڵایەتی و جەماوەریی خۆڕسک ناسراوە، بەڵام ناتوانرێت رۆڵ و پێگەی حیزبە کوردییەکان لەم پرۆسەیەدا پشتگوێ بخرێت، لایەنەکان بە مێژوویەکی دوورودرێژ لە خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی، لە قۆناغە جیاجیاکانی ئەم بزووتنەوەیەدا رۆڵێکی کاریگەریان هەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا، چەندە گرنگ بوون و پاڵپشتییان لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا گرنگ بووە، کەموکوڕی و جیاوازییەکانیان دواتر، کاریگەرییان لەسەر رەوتی بزووتنەوەکە و مۆراڵ و بێ هیوایی خەڵک هەبووە، هەر بۆیە رەخنەگرتن و لێکۆڵینەوە لە رۆڵی حیزبەکان نەک هەر پێویستییەکی شیکارییە، بەڵکوو بەشێکی جەوهەرییە بۆ تێگەیشتنێکی دروست لە بزووتنەوەی ژینا و داهاتووی لە کوردستان.

ناوچە کوردنشینەکانی ئێران بە تایبەت لە مانگەکانی یەکەمی نارەزایەتیەکاندا رۆڵێکی پێشەنگ و رێکخەر و ئیلهامبەخشیان هەبوو.

...بۆ ل ٧



# پەروەردە: رێگای رزگاری و چرای رێگای نەوەی نوێ



بێگەرد ساڵح

پەروەردە تەنها فێربوونی زانست نییە، بەڵکوو رێگایەکە بۆ بەرفرەبوونی بیر و هزر و دەربڕینیان.

پەروەردە هەنگاوێکی بەهێزە بۆ داهاتوومان، ئامرازێکە بۆ بەرەنگاربوونەوەمان لەگەڵ کۆیلایەتی و نەهامەتیە کومەڵایەتییەکانمان. کاتێک منداڵێکی کورد بە جوانی پەروەردە دەکرێت، کۆمەڵگا هەنگاوێک بەرەو پێش چووە بۆ ئەوەی نەوەی نوێ سەرمایەی داهاتووی کوردستانە، هەر وا کە پێشینیان کۆتوویانە؛ «تێکۆشانی ئەمرۆ، سەرکەوتنی سبەیە».

لێرەدا رۆڵی گرینگی پەروەردە زەق دەبێتەوە. ئەرکی سەرشانی هەموو دایک و باوکێکی بەرپرسیارە کە پێکەوە بۆ پەروەردەی بەرەی نوێ هەوڵ بدەن. کاتێ ژنێک تێگەیشتوو و ئاگادار بە مافەکانی خۆی و نەتەوەکەی بێت و بزانێت چۆن بیر بکاتەوە، چۆن بڕیار بدات، چۆن هەست بە توانا و هێزەکانی خۆی بکات. نە تەنیا خۆی دەگۆڕێ بەڵکوو هەوڵ دەدات بۆ گۆڕینی رەفتار و هەڵویستی کەسانی دی. ئەوسا ئەم رووناکییە دەگاتە ماڵەکان، دەگاتە کۆمەڵگا، دەگاتە دەست نەوەی داهاتوو و دەبێتە بنەمای گۆڕانکارییەکی درێژخایەن.

پەروەردەی نەوەی داهاتوو بە دەستی ژنانی زانا و بوێر گرینگترین سەرمایەی نیشتمانمانە. لەم دۆخەدا کە قسەی سەر زمانی میدیای سەر بە دەسەڵاتی پاوانخواز جەستەی ژنانە و لەبری سەرنجدان لەسەر داگیرکاری و ستەمی دووقاتەی نەتەوەی کورد خەریکی بڕیاردان لە سەر چۆنییەتی پۆشاک و رەفتاری ژنانە؛ ژنی تێگەییشتوو دەبێ بیر لەوە بکاتەوە کە بە درێژایی مێژوو چ دەسەڵات چ ئایین و چ فەرهەنگی پیاوسالار، وەک ئامرازێک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی سەیری کردووە، کاتێ لەوە تێگەیشت ئەوجار دەتوانێ بڕیاری درووست بدات هەم بۆ خۆی و هەم بۆ پەروەردەی خێزانەکەی کە نەبنە کۆیلەی دەسەڵات و ئایینی سیاسی. بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بەم کێشەی هەنووکەی هەر چوارپارچەی کوردستان بکەین کە



جگە لە کاریگەری و گوشاری چینی خاوەن دەسەڵات بە زۆری هۆکارەکەی ئەوەیە ژنان و کچانێک کە ئاگاداری مافەکانی خۆیانن کەمن و هەر ئەو نەزانینە بووەتە هۆی ئەوەی کە هەم جەستە و هەم هزری خۆیان بخەنە ژێر دەسەڵاتداری سیاسەتی ئایینیەوە...

من پێموایە جگە لە مافی جەستەی دەبێ بەرەی نوێ فێر بێت بە زمانی دایکی داوای مافی خۆی و هاونیشتمانیانی بکات. دەبێ فێر بێت کە ئەوەی کێشەکان چارەسەر دەکات هاودەنگی و گفتگۆیە، دەبێ باوەڕی بە یەکسانی هەبێ و بەرەو ئاسۆی یەکسانی کە نە مافی کەس پێشێل بکات نە ئێزن بدات کەس مافەکانی پێشێل بکات هەوڵ بدات. کەسێک بێت خاوەن هەڵویست و هۆشیار بە مافەکانی خۆی و کۆمەڵگاکەی.

خوێندنەوە و زانستی سەبارەت بە مێژوو و کلتووری نەتەوەکەی ببێ.

شتێک کە دەمەوێ لە کۆتاییدا باسی بکەم و دەکرێ وەک ئەنجامی پەروەردەی درووست بیزانین، هەبوونی بیری رەخنەییە. بیری رەخنەیی دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە تاک، گومان لە هەر شتێکی ناو کۆمەڵگا بکات کە هەست بکا کە لەگەڵ ئەو بایەخانەی بۆ خۆی دیاری کردووە ناتەبایە.

بیری رەخنەیی دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە بوێر و باوەڕبەخۆ بێت و لە کاتی درووست هەڵویست بگرێ و لە رەخنە گرتن باکی نەبێ. بێری رەخنەیی دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە هەوڵی دەسەڵاتی ستەمکار پووچەڵ بێتەوە و نەهێڵێ کەسانی نائاگا ببنە کۆیلەی سیاسەتی داگیرکەرانی خاک و جەستە. هەوڵ بدەین بۆ پەرەوەدی درووستی نەوەی کوردەواری.

**«لە دایکبن هەڵگرانی چرای زەردەشت**
**پەریزادە و شۆڕەسواری دێ و شاری کورد**
**لە دایکبن ژەنگی مێژوو داپۆشۆرن**
**با گوێی دنیا بئەنگێوێ بڕیاری کورد**
**لە زمان و سەر بێزارم...**
**دیسان چاوم لە ئێوەیە**
**زارۆیانی نەداری کورد**
**سەرێکی دی بە ئەستۆوە بنوسێنن**
**زمانێکی دی بخەنە ناو زاری کورد**
**لە دایکبن هەتا ئێوە نێنە دونیا**
**خوێنی تازەی تێ ناگەڕێ دەماری کورد»**
**پەشێو**

## ...پاشماوە

مانگرتنە جەماوەرییەکان و تۆڕی مەدەنی و هەماهەنگی مەیدانی لە کوردستان بە هۆی حوزووری حیزبە سیاسیەکان بە بەراوەرد لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی ئێران، توانایەکی مێژووییان لە خۆیان بۆ سەرکردایەتی نارەزایەتیەکان نیشان دا و لەو چوارچێوەیەشدا چاوەڕوان دەکرا کە حیزبە کوردییەکان بە پشت بەستن بە ئەزموونی درێژخایەنی خەباتی سیاسی و تەشکیلاتی، بتوانن هەنگاوی جیدی و کاریگەر بنن بۆ بەهێز کردنی تەشکیلاتی و سەرکردایەتی بزووتنەوەکە، بەڵام بەداخەوە رەوتی پێشهاتەکان دەریخست کە ئەم چاوەڕوانییە بە کردەوە بەدینەهاتووە و لە بری یەکگرتوویی کرداری و ستراتیژی و دارشتنی پلانی کاری هاوبەش لە سەر ئاستێکی مێژوویی، شاهیدی دارمانی تەنانەت ناوەندی هاوکاری حیزبە کوردستانیەکان و پەرشوبڵاوی بێوێنەی حیزبەکان بووین. هەر حیزبێک لە جیاتی پشت بەستن بە هێزی جەماوەر و پتەوتر کردنی پێگەی دەستەجەمعی و بە کۆمەڵ، رێگایەکی جیای لە ناو ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەری ئێران هەڵبژارد.

ئەمەش لە دۆخێکدا کە ئەو ئۆپۆزیسیۆنە زۆر جار روانگەیەکی روون و گەرەنتیان لە ئاست داخوازییە نەتەوەییەکانی گەلان نییە و لە پاشایەتیخوازەکانەوە هەتا لیبرالیزمەکان هەوڵیان دەدا بزووتنەوەکە بە ئاراستەیەکی کۆنترۆڵکراو یا بێکاریگەردا ببەن و شاهید بووین کە بەشێک لەم ئۆپۆزیسیۆنە تەنانەت بوون بە کۆسپ و هۆکارێک بۆ تێکچوونی یەکێتی و یەکگرتوویی گشتیی.

ئەم بۆشایی و ناتەبایی و لێکترازانە لە بەرەی کوردستاندا، گورزێکی قورسی لە جەستەی بزووتنەوەیەک وەشاند کە دەکرا بە پشت بەستن بە پشتیوانی جەماوەریی و سەرکردایەتی سیاسی ئاگادار، چارەنووسێکی جیاواز بۆ ناوچەکە دیاری بکات و لە ئەنجامدا بێجگە لە سەرلێشێواوی و نائومێدی و لە دەستدانی متمانەی خەڵک و وازهێنان لە شەقام و پاسیڤیەت هیچی دیکەی لێ نەکەوتەوە و دەرفەتێکی مێژوویی کە دەکرا بزووتنەوەکە بگەیەنێتە ئاستێکی بەرز و رێکخراوتر لە دەست چوو.

شۆڕشی ژینا وێرای ئەوەی کە پانتاییەکی گەورەی هەبوو، وێرای ئەوەی کە توانی هاودەنگی و هاوسۆزییەکی جیهانی بۆ لای خۆی رابکێشی و سەرەڕای بوێری و شەهامەت و گیانبازی بێوێنەی ژنان و لاوان و بەشێکی هەرە زۆر لە چین و توێژە کۆمەڵایەتیەکان لەم شۆڕشەدا، بەڵام لە هەمان کاتدا بە ئێمە نیشانی دا کە دەور و نەقش و بایەخی حیزب و لایەنە سیاسیەکان لەم بارەوە لە کوێیە و چەندە گرینگ و چارەنووسسازە و بە دڵنیاییەوە ئەم شێوە لە حیزبایەتیە چیتر وڵامدەرەوەی داخوازییەکانی نەسڵی نوێی و بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان نییە و بە دڵنیاییەوە دەبێ رێکار و میکانیزمی نوێ لە کار و گوتار و کردەی هاوبەشدا ببینینەوە.

هەر لەم پێناوەدا و لە ژێر کاریگەرییەکان و تیشک و رووناکی شۆڕشی ژینا، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە کۆنگرەی ١٤ی خۆیدا لە ژێر ناوی کۆنگرەی ژن ژیان ئازادی، توانی کۆمەڵێک گۆڕانکاری چ لە بەرنامەی سیاسی و چ لە پێکهاتەی خۆیدا پێکبێنێ و هەوڵ بدات تا رادەیەکی زۆر خۆی تازە و ئابدەیت و بە رۆژ و هەماهەنگ بکاتەوە لەگەڵ رەوتی گۆڕانکارییەکان و بە کردەوەش بۆ ئەم مەبەستە هەوڵی داوە و هەنگاوی جیدی ناوە و بەردەوام ئامادەیی بێ شەرت و مەرجی خۆی بۆ پێکهێنانی بەرە و کاری هاوبەش لەگەڵ باقی هێز و لایەنە کوردستانیەکان لە پێناو مافە رەوا و بنەڕەتیەکانی گەلی کوردستان و لەوانە مافی دیاریکردنی چارەنووس و داپەروەری سیاسی و کۆمەڵایەتی و. راگەیاندووە.

ئێستا و لە سێهەمین ساڵیادی ئەم شۆڕشە مەزنەدا، کۆمەڵگای کوردستان و ئێران و ناوچەکە لە جەرگەی قووڵترین گۆڕانکاری سەردەمدایە کە کوردستان و شۆڕشەکەی و داهاتووەکەی خستووەتە بەردەم ئەزموون و تاقیکردنەوەیەکی مەزن، کەمونێنە و بەرین.

رەوتی رووداوەکان لە سێ ساڵی رابردوو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوەندە خێرا بووە کە زۆر جار لێکدانەوەی دەقیق و دروستیان ئەستەمە، بەڵام رەوتی رووداوەکان نیشانیدا کە پرسی نەتەوەیی کورد و رزگاری لە بندەستیی داگیرکەرانی کوردستان چووەتە ئاست و قۆناغێکی نوێ و لە ئاستی جیهانیدا هیچکات دەرفەتێکی ئاوا لە بار بۆ کورد نەڕخساوە کە بەرژەوەندییەکانی کورد لەگەڵ بەرژەوەندیی ناوەندە جیهانییەکان هاوتەریب بن و ناوەندە جیهانیەکان چارەنووسی کوردستان بە فاکتۆرێکی سەرەکی هەر چەشنە ئاڵوگۆڕێکی ناوچەکە بزانن.

هاوکات و لەم ناوەدا رۆژهەڵاتی کوردستان لە شۆڕشێکی بەرین بۆ کۆتاییهێنان بە داگیرکاری نزیک دەبێتەوە و هەموو ئاماژەکان ئەوە دەردەخەن کە رۆژهەڵات ئامادەیە و یەکگرتوویی نەتەوەیی هەوێنی بەرپاکردنی راپەڕینێکی یەکلاکەرەوەیە.

لە ساڵرۆژی شۆڕشە شکۆمەندەکەی ژینادا، یەکگرتوویی گوتاری و کردەیی حیزبەکانی کوردستان و پێکهێنانی ناوەندێکی سیاسی ئیستراتیژی کورد و قەوارەیەک کە ببێتە هەوێنی یەکگرتوویی لایەنە سیاسیەکان و هێزی پێشمەرگە و خەباتکارانی نەتەوەی کورد هەماهەنگ بکات وە هەم نوێنەرایەتی دیپلۆماتیکی کورد لە ئاستی ناوچەیی و جیهانی یەکبخا و هەم کۆمەڵگای مەدەنی لە هەموو کوردستان لەگەڵ یەک و لەگەڵ خۆی هاوئاهەنگ بکات، مەرجی سەرکەوتنی راپەڕینی رۆژهەڵاتە.

ئەگەر بزووتنەوەی ژینا یەک راستی بنەڕەتی ئاشکرا کرد بێت ئەوە بوو کە کوردستان تەنیا کاتێک دەتوانێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێت کە یەک دەنگی هەبێت، ئەمڕۆ لە هەموو کاتێک زیاتر حیزبە کوردستانییەکان دەبێ لە سەرەوەی بەرژەوەندییە حیزبییەکان بیر بکەنەوە و چیتر کێبڕکێ و رکابەرییە ناوخۆیی و مێژووییەکان تێپەڕێنن و بەرژەوەندی هاوبەشی گەل و بزووتنەوەی کوردستان لە ئەولەویەتی کارەکانیان دابنێن و بچینە قۆناغی هاوکارییەوە و بە گوتار و کردەی هاوبەش دەست بە پرۆژەی هاوبەش و مێژوویی بکەین. دابەشبوون لاوازی دروست دەکات، بەڵام یەکڕیزی دەتوانێت بزووتنەوەکە بەرەو دەستکەوتی مێژوویی ببات، ئایندەی کوردستان پەیوەستە بە یەکگرتوویی گوتار و کرداری سیاسییەوە و چاوەروانی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان ئەم ئەرکە مێژووییە دەخاتە ئەستۆی حیزبەکان.

# ژنان لە ئێران: خەبات بۆ ئازادی، دادپەروەری و یەکسانی جێندەری



بەیان مورادخانی

**پێشەکی**

ژنان لە ئێران هەموو کاتێک لە دامەزراندن و پەرەسەندنی دۆڵەت و کۆمەڵگادا ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە، بەڵام مێژووی سیاسەتی و کۆمەڵایەتی زۆرجار ئەم ڕۆڵەی سنووردار کردووە و بە دەستی پیاوانەوە بە شێوەیەکی نادادپەروەرانە دابەش کراوە. لە پێش شۆڕشی ١٣٥٧ تا ئەمڕۆ، ژنان بە یاسا، سیاست و چوارچێوەکانی کۆمەڵایەتی ڕوبەڕووی سنوور و ڕێگرتن بوون، ئەوەش ئاستی ئازادی و مافە مرۆییەکانیان سنووردار کردووە. بەڵام، ژنان بە هێز، زانست و هەوڵی خۆیان بۆ گەیشتن بە ماف و یەکسانی جێندەری بەردەوام بوون.

مێژووی خەباتەکان

پێش شۆڕشی ١٣٥٧، ژنان لە ئێران بەشداربوون لە گۆڕانکارییەکانی یاسایی و کۆمەڵایەتی. چاکسازی زەوی و زار، گەشەپێدانی شارەکان و زیادکردنی دەستپێڕاگەیشتن بە خوێندن بۆ کچان، دەرگایەکی نوێ بوو بۆ ژنان بۆ گەشە و سەربەخۆیی. بەڵام ئەم پێشکەوتنانە زۆرجار بە بەهای سنووردارکردنی ئازادی ژنان و دانانیان لە چوارچێوەی پیاوپەروەریدا ڕووبەڕوو دەبوو.

دوای شۆڕشی ١٣٥٧ و دامەزراندنی حکومەتی ئیسلامی، مافەکانی ژنان بە شێوەیەکی فەرمی سنووردار کران. یاساکانی پەیوەندیدار بە خێزان، تەلاق و پاراستنی منداڵان، بە بنەمای دەسەڵاتی دینی و پیاوپەروەری دانران. لەوەوە، ژنان بە هەڵبژاردن و ڕێکارە کۆمەڵایەتیەکان خەباتی خۆیان بەردەوام کردووە، بەتایبەتی لە ڕووی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەوە.

بارودۆخی ئێستا

ئێستا ژنان لە ئێراندا ڕوبەڕووی چەندین کێشە و گرفتن:

- **سنووورداری یاسایی**: زۆربەی یاساکان مافی ژنان سنووردار دەکەن، بەتایبەتی لە بابەتەکانی خێزان، طلاق و پاراستنی منداڵ.
- **پۆشاکی زۆرەملێ**: لێپرسینەوە بۆ حجاب لە شوێنە گشتییەکان، بۆ کۆنترۆڵکردنی ژیان و هەڵسوکەوتی ژنان بەکاردەهێنرێت.
- **نابەرامی ئابووری**: ژنان لە بازاڕی کار بە جیاوازی و نایەکسانی روبەڕوون، و دەستڕاگەییشتن بە پۆست و مەقام سنووردارە.
- توندوتیژی جێندەری: لە شوێنی کار، خوێندن و تەناتەت ناو خێزاندا، ژنان ڕووبەڕووی توندوتیژی و ستم دەبن.



**خەبات و چالاکیەکان**

خەباتی ژنان لە ئێران بە شێوەی تاکی و ڕێکخراو بەردەوامە بۆ گەیشتن بە ئازادی و یەکسانی. ژنان بە چالاکیی فەرهەنگی، میدیایی و یاسایی خۆیان خەباتیان کردووە بۆ گۆڕان و دادپەروەری.

**نمونەی چالاکیەکان:**

- ڕەخنە و خەبات دژی یاساکانی سنووردار و پێشخستن بۆ یاساکانی نوێ.
- خەبات بۆ دەستڕاگەییشتن بە خوێندن و کار.
- **چالاکی میدیایی** و فەرهەنگی بۆ گۆڕانی هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتیەکان.
- بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بۆ ئاگاداری و ڕێکخستنی خەباتی ژنان.

**کۆتایی**

خەباتی ژنان لە ئێران خەباتێکی بەرزە بۆ ئازادی، دادپەروەری و یەکسانی جێندەری. ئەگەرچی زەخت و فشاری سیاسەتی و کۆمەڵایەتی بەردەوامە، بەڵام ژنانی بەتوانا، ئازادیخوازن و خەباتی ژنان بەهێزترین هێزی گۆڕانە.

گەیشتن بە یەکسانی جێندەری پێویستی بە چاککردنی یاساکان، زیادکردنی ئاگاداری گشتی و پشتیوانی لە خەباتی ژنانە. کۆمەڵگایەکی دادپەروەر و پەرەپێدراو ئەوەیە کە ژنان بتوانن بەخوێندن، کارکردن، ژیانیان بە ئازادی و سەرکەوتنەوە بەرەوپێش ببەن.

لە کۆتاییدا، ژنان لە ئێران ناتەنها قوربانی سنووورداری نین، بەڵکو هێزی بەرز و پێشەنگی گۆڕانەری کۆمەڵایەتی و سیاسییەن، و دەنگیان بڕوانامەیە بۆ داهاتوویەکی ئازاد و دادپەروەرانەتر.

# پارێزگای سنە، قوربانی بێپلانیی و نالەباری

## بە بۆنەی سەردانی سەرۆک کۆماری ڕژیم بۆ پارێزگای سنە

د.ئارێز. سنە

پارێزگای سنە، کە بە مێژوو و کەلتووری دەوڵەمەند و ستراتیژییەکی گرنگی ناسراوە، ئەمڕۆ بەرەو ڕووخانی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەچێت. بەپێی نوێترین ڕاپۆرتە فەرمییەکان، ئەم پارێزگایە پلەی یەکەمی هەڵاوسانی وەرگرتووە، کە نیشانەیەکی ڕوونە لە دەستەبەری خەڵک لە سەرمایە و سەرچاوەکان. ئەم بارە قورسە تەنها بەهۆی نەبوونی ستراتیژی گەشەپێدان نییە، بەڵکو بەهۆی نالەباری و نەبوونی توانای بەڕێوەبەرانی ناوخۆیی و ناوەندییەوە دروست بووە.

پارێزگار و فەرماندااران: بەڕێوەبەرانی بێ توانا

پارێزگاری سنە و فەرمانداارانی ناوچەکان، کە پێویستە یەکەم پشتیوانی خەڵک بن لە بەرەنگاربوونەوەی کێشە ئابوورییەکان، وەک کەسانی "سەیرکەر" وەسف دەکرێن. ئەوان نەیانتوانیوە پرۆژەی کاریگەر و دروست لە بوارەکانی کشتوکاڵ، پیشەسازی و گەشەپێداندا ئەنجام بدەن. بەڵام لە بەرامبەردا، بەردەوام بوون لە دابینکردنی ڕاپۆرتە ساختە و ڕێکلامی ناپسندااندن بۆ دۆخی ڕاستەقینەی پارێزگاکە. نەبوونی دیالۆگی کاریگەر لەگەڵ کۆمەڵگای خەڵک و بازرگانان، وەک نیشانەیەکی تر لە نالەباری و نەبوونی پلانی کارای بەڕێوەبەرانی ناوخۆییە.

ناوەندە ئابوورییەکان: لە نەبوونی چاکسازی تا بەردەوامی گەندەڵی

ناوەندە ئابوورییەکان وەک "جیهادی کشتوکاڵ" و "×مت"، کە پێویستە پشتیوانی بەرهەمهێنان و ئابووری بکەن، خۆیان بوونەتە سەرچاوەی گەندەڵی و ڕانت. بەڵگە هەیە کە یارمەتییە داراییەکانی حکوومەت بۆ گەشەپێدانی کشتوکاڵ و پیشەسازی، لە ڕێی پەیوەندییە تایبەتەکانەوە بە دەست کەسانی تایبەت کەوتووە. ئەمەش وایکردووە کشتوکاڵی ناوچەکە، کە پێویستی خەڵکی پابەندە پێی، بەرەو ڕووخان بچێت. لە کاتێکدا کێڵگەکان بەرەو وێرانیدەچن، بازرگانانی ناوچەکەش بەهۆی کێشە دارماڵەکانەوە ڕووبەڕووی گرانییەکی بێوچان دەبنەوە.



نەک تەنها کشتوکاڵ، بەڵکو پیشەسازی و بازرگانیشی لە ئاستێکی خراپدا ڕاوەستان. ڕێژەی بێکاری گەیشتووەتە ٢٠٪، کە ئەمەش وایکردووە گەنجانی پارێزگاکە ڕووبەڕە بەرەو شارەکانی ناوەند و دەرەوەی وڵات هەڵبێن. داراییەکانی حکوومەت کە بە مەبەستی گەشەپێدان ڕاگەیەندراون، لە ڕێی ڕانت و پەیوەندییە تایبەتەکانەوە بە دەست کەسانی تایبەت کەوتووە.

سەردانی پزێشکیانی سەرۆک کۆمار: هەوڵێکی ڕێکلامی یان گۆڕانکاری ڕاستەقینە؟

لە کاتێکدا خەڵک ڕووبەڕووی قەرەباڵغی ژیان و بەرزبوونەوەی نرخی کەلوپەلی سەرەتایی دەبنەوە، سەردانی سەرۆک کۆمار تەنها وەک "هەوڵێکی ڕێکلامی" دەردەکەوێت. مێژوو نیشانی داوە کە زۆربەی سەردانییەکانی ئەم جۆرە تەنها بەڵێنی بەتاڵ و پرۆژەی کورتخایەنیان لەگەڵ بووە، بەبێ هیچ گۆڕانکارییەکی ڕیشەییدا. پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا ئەم جارە جیاوازە؟ ئایا سەرۆک کۆمار ئامادەیە کە بەڕێوەبەرانی ناتوانی پارێزگاکە بگۆڕێت و پلانێکی ڕاستەقینەی گەشەپێدان پێشکەش بکات؟

کۆتایی: پێویستی بە گۆڕانکاری ڕیشەیی

ئەوەش ڕوونە کە سنە پێویستی بە چارەسەری ڕیشەیی هەیە، نەک بەڵێنی بەتاڵ. پێویستی بە بەڕێوەبەرانی لێهاتوو، سەربەخۆ و چاودێری کۆمەڵایەتییە. بەڕێوەبەرانی ئێستا، لە پارێزگارەوە بە فرمانداارانەوە، نەیانتوانیوە پەیڕەوی پلانی کارابکەن یان پشتیوانی لە خەڵک بکەن. گۆڕینی ئەم کەسانە و دامەزراندنی سیستەمێکی بەڕێوەبردن کە بەڵگەمحور و وەڵامداری خەڵک بێت، یەکەم هەنگاوی کارایە بۆ چارەسەری کێشەکانی پارێزگاکە. هەتاوەکو ئەم گۆڕانکاریە ڕوونادات، سنە وەک نیشانەیەکی بێپلانی و نالەباری دەمێنێتەوە.



# دیمانەیەک لە گەڵ ئاگری ئیسماعیل نیژاد

## لە سەر کار و چاڵاکییەکانی کوردستان تریبوناڵ



ئاگری ئیسمائیلنیژاد
ئا: دوارۆژ

روانینی ئێوە وەک یەکێک لە چالاکانی سەرەکی بۆ شکڵ گرتن و هۆکاری دروست بوونی کوردستان تریبوناڵ چییە؟

وێرایی ڕێز و سڵاو بۆ بەڕێزانی بەڕێوەبەری گۆڤاری دوارۆژ، ئەگەر بمەوێ پێناسەیەک بۆ کوردستان تریبوونالٌ دانێم، پێم باشە بلێم ڕێکخراوەیەکە کە هەوڵ بۆ دۆکۆمینتاسیۆنی ئەو جەنایەتانە دەکات کە لە کوردستاندا ڕوویان داوە، گرینگی ئەو کارە بۆ سێ باسە:

١: ڕێگەنەدرێ مێژووی سەرکوتی کوردستان بشێوێندرێ

٢: ڕێگەنەدرێ کە سەرکوت و کوشت وبڕی کوردستان لەبیر بکرێتەوە، ئامانج لەو کارە ئەوەیە کە بە ڕێگای وەبیرهێنانەوەی سەرکوت و کوشت وبڕی کوردستان پێش بە دووپات بوونەوەی بگیرێ و خەڵکی کوردستان لەسەر هەست بن.

٣: دەوڵەتی ئێرانی وەکوو بڕیاردەر و جێبەجێکاری کوشت و بڕی خەڵکی کورد ڕۆژێک وڵامدەری ئەو تاوانانە بێت کە لە کوردستان و بەرانبەر بە نەتەوەی کوردی کردووە.

کە وایە کوردستان تریبوونال پرۆژەی کۆکردنەوەی بەڵگە لەسەر ئەو تاوانانەی کە بەرانبەر بە کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کراوە.

-دەکرێ بە کورتی ڕۆڵ و کاریگەری ئەم هەنگاوەی ئێوە بەڕێوەبەرانی کوردستان تریبونالٌ لەسەر دۆخ و خەباتی کورد و ناساندنی دەرد و ئازارەکانی نەتەوەی کورد و دوژمنایەتی و جینایەتی داگیرکەران لە دژی نەتەوەی کورد باس بکەن؟

ئێمە لە کوردستان تریبوونالٌ پێمان وایە کە پرسی کورد بابەتێکی حقوقییە، بەو مانای نەتەوەیە لەسەر خاکی خۆی مافی سەروەری لێسەندراوەتەوە و دەبێ ئەو مافەی بۆ وەگەڕێتەوە، جا لێرەدا داگیرکەری ئەو مافە کە داگیرکەری خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشە، دەستی لە هیچ تاوانێک دانەبردووە بۆ ئەوەی ئەو داگیرکارییە بکات، ئەگەر ئەو ڕوانگەیە بکرێتە بنەمایی چالاکی سیاسی ئەگەر وایە حیزبێکی سیاسی داوای دەوڵەتێکی کوردستانی بۆ پاراستنی کورد دەکات، لێرەدا مەبەست لە دەوڵەتی کوردستانی ئەوەیە کە دامەزراوەیەکی سیاسی تایبەت بە کورد وەکوو دەوڵەتێکی کوردستانی جا لە چوارچیوەی فێدرال بێت یان دەوڵەتی سەربەخۆ کار و چالاکی ئەوە بێت مافی کورد لە ئێران و جیهاندا بپارێزی واتە مەبەست تەنیا سەربەخۆیی لە ئێران نییە، مەبەست پاراستنی مافی تاک و نەتەوەی کورد لە هەموو چوارچێوەیەکی سیاسی و مەعرەفییە. ئەگەر حیزبێکی سیاسی ئەو لێکدانەوەی قەبووڵ بێت، لێکۆڵینەوەکانی کوردستان تریبوونالٌ و چالاکییەکانی دەکاتە بەڵگە بۆ ئەوەی ڕەوایی بۆ دامەزرانی دەوڵەتێکی کوردستانی کۆبکاتەوە.

ئەگەر حیزبێکی کوردیش باوەڕی وابێت کە سەرکوتی کوردستان ئاکامی ڕێژیمی دیکتاتۆر بووە و ئەگەر ئەو ڕێژیمە دێمۆکراتیک بێ سەرکوت نامێنێ، ڕوونە کە کاروچالاکی کوردستان تریبوونالٌ بە قازانجی خۆی نابینێ و تەنانەت وەکوو بەربەستیشی دەبینێ.

چاوەڕێی ئەوە ناکرێ کە کاروچالاکی کوردستان تریبوونالٌ برینێک لە برینەکانی نەتەوەی کورد سارێژ بکاتەوە، ڕەنگە لە داهاتوودا کە دەوڵەتی ئێرانی وەکوو تاوانباری سەرەکی لەبەر دەم دادگاییەک ئامادە بکرێت بۆ ئەوەی بەرانبەر بە تاوانەکانی کە کردوویەتی بەرپرسیار بێت، کار و چالاکی کوردستان تریبوونالٌ بکرێتە بنەما بۆ سەلماندی تاوان و جنایەتێک کە دەوڵەتی ئێرانی کردوویەتی، بەڵام ڕاستی ئەوەیە کە تەنیا لێکۆڵینەوە یان دۆکۆمێنت کردنی تاوان نابێتە هۆی ئەوەی تاوانبار پێشی پێبگیرێ و غەدرلێکراو برینێکی سارێژ بێتەوە

# کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوین

م. هەژار




ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەکێکە لە قەیراناویترین ناوچەکانی جیهان و دوای شەڕی یەکەمی جیهانی کۆمەڵێکی زۆر کێشە و گرفت تێیدا سەری هەڵداوە و تا ئێستاش ئەم کێشانە بەردەوامن و درێژەیان هەیە. هۆکاری قەیرانی ئەم ناوچە دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار کە بریتیین لە:

یەکەم، بە هۆی گەمەی ئەکتەرە سیاسییە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکانەوە لە ناوچەکە، دووهەم بە هۆی ژێرخانی ئابووری و بە تایبەتی بوونی زێڕی ڕەش «نفت»، کە لە کۆنەوە چاوی وڵاتە زلهێزەکانی بەرەولای خۆی ڕاکێشاوە و هەمیشە هەوڵی ئەوەیان داوە ناوچەکە و بە تایبەتی ئەو وڵاتانەی خاکەکەیان نەوتی زۆری هەیە، لە ژێر چاودێری خۆیاندا بێت و وەک کۆلۆنییەکی نێو دەوڵەتی سەیری ئەو وڵاتانە دەکەن، بە تایبەتی وڵاتانی کەنداو کە نەوتی خاوی زۆرە و بە هۆی ئەو کێشە و گرفتانەی دروست دەکرێت هەمیشە شەڕ و ئالوزی تێدا بەدی دەکرێ و لەم ناوە وڵاتە زلهێزەکان بە گشتی قازانجی گەورەی تێدا دەکەن و جگە لە بەتاڵانبردنی ژێرخانی ئابووری ناوچەکە چی چەک و تەقەمەنی کۆنی خۆیان هەیە لەم ناوچە بە نرخێکی گونجاو پێیان دەفرۆشن یان بە سەر خەڵکی ناوچەکە تاقی دەکەنەوە.

کێشەیەکی دیکە کە پێموایە گرنگترین کێشەی ناوچەکەیە، مافە نەتەوە بێ دەوڵەتەکانە کە لەلایەن دەسەڵاتدارانی ناوچەکەوە نەدراوە بۆ نموونە: کورد وەک یەکێک لە گەورەترین نەتەوەکان نە تەنها ڕۆژهەڵاتی ناوین، بەڵکوو وەک یەکێک لە نەتەوە گەورەکانی جیهانیش تا ئێستاش خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆ نییە و وەک کۆلۆنی لە نێوان چوار دەوڵەتی «سوریە، ئێران، ئێراق و تورکیە» دابەش کراوە و هەر ئەمەش بووەتە هۆکار بۆ ئەوەی وڵاتە زلهێزەکان و تەنانەت دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستانیش توانیویانە بۆ بەرژەوەندی خۆیان کەڵک لە کورد وەربگرن.

لەمناوەدا ڕۆژهەڵاتی ناوین، وەکوو بەشێک لە نیزامی نێونەتەوەیی، لە ژێر یاسا و ڕێساکانیی جیهاندایە. هەر چەن دوای شەڕی یەکەم و بە تایبەتی دووهەمی جیهانی، کۆلۆنیەکان نەمان، بەڵام هەروا کە لەسەرەوەش ئاماژەم پێکردوە، بە هۆی بوونی نەوت و دروستبوونی هەرێمێک بۆ جولەکە «اسراییل» ڕۆژئاوا توانیویەتی هەژموونی خۆیی لە ناوچەکە بهێلێتەوە و وەک حاکمی بێ‌ڕکابەری ناوچەکە لە زۆر شوێن حوکم بکات...

«اسراییل»یش لە ساڵی ١٩٤٨ تا ساڵی ١٩٩٦ توانی ٦٥ میلیارد دۆلار یارمەتی لە ئەمریکا وەربگرێت و بەمەش توانی بۆ دروستکردنی دەوڵەت یارمەتیدەری بێت، هەرچەن بەو رادە یارمەتییە زۆرەی کە ئەمریکا کردویەتی، «اسراییل» هەرگیز بە تەواوی گوێ لە مستی ئەمریکا نەبووە و زۆر جار بە بێ گوێدانی سیاسەتی ئەمریکا کاری خۆیی بردووەتە پێشەوە، بۆ نموونە هێرشی ئسراییل بۆ سەر بنکە و دامەزراوە ناوکیەکانی «اتمی» وڵاتی ئێراق و درێژە بە دروستکردنی خانووسازی لە بەرزاییەکانی جەولان و زۆر شتی دیکە، توانیویەتی بە شێوەیەک لە شێوەکان سەربەخۆیی خۆی رابگرێت و ئێستا بووە بە دەوڵەتێک کە خاوەنی زیاتر لە سەد کڵاوەی ناوکییە «اتمی»یە.

بەڵام کوردستان هەر بەو شێوە کۆنەی خۆی لە ناوچەکە ماوەتەوە و تەنها هەرێمێکی نیمچە ئازادی هەیە کە ئەویش تووشی کۆمەڵێکی زۆر کێشە و گرفتە و وڵاتە زلهێزەکانی وەک ئەمریکا گرنگییان بەو دەسەڵاتە کوردییە نەداوە و نادەن، لە ١٦ی ئوکتوبر کاتێ عەرەب و رژیمی ئێران جارێکی دیکە هێرش دەکەنەوە سەر کوردستان و بەشێکی زۆر لە خاکی کوردستان داگیر دەکەن، کورد نە تەنها دۆستیی نییە، بەڵکوو لە ناو ماڵی خۆشیدا چەن لەت و کەرت کەرت بووە و زۆر بە سانایی بەشێکی زۆر لە خاکی کوردستان بە تایبەتی شاری کەرکوک کە بە دڵی کوردستان ناسراوە لە دەست دەدەدن کە شادەماری نەوتی کوردستانە و لەو لاشەوە لە ڕۆژئاوای کوردستان شاری عەفرین لە دەست دەدەن کە ئەویش رێگای کوردستانە بۆ دەریای ئازاد، بەداخەوە نە کورد بە دەریای ئازاد گەیشت و نە توانی کەرکوک ڕابگرێت، کورد نە تەنها وەک ئسراییل نەیتوانی دەوڵەتێک بۆ خۆی دامەزرێنێت، بەڵکوو پاشەکشەی زۆریشی کرد لە داخوازییەکانی خۆی.

لە کوتاییدا دەبێ بلێم سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە زلهێزەکان لە ناوچەکە تەنها دوو شت زیاتر رەچاو دەکات کە بریەتییە لە پاراستی ئیسراییل و کونترولکردنی نەوت و هەناردەکردنی بو ناو بازارەکانی جیهان و کورد نەتەنها بۆ ئەوان گرنگ نییە، بەڵکوو بەس وەک ئامرازی گوشار دژی دەسەڵاتی ناوەند کەڵکیان لێ وەرگرتووە و زۆر بە سانایش پشتی بەر دەدەن، وەک ئەوەی لە کەرکوک و عەفرین روویاندا و زۆر دوور نییە لە قامیشلوو کۆبانیش بە تەنهامان بێڵن...

دواڕۆژ لەسەر تۆڕی ئینتێرنێت ...
www. DWAROJ. NET
@Dwaroj-komala
@Dwaroj

Dwaroj

Dwaroj.net
سەرنووسەر:
عەزیز ئاجیکەند
هەڵەچن:
سۆران محەمەدی
دیزاین:
سروە مستەفازادە

# شۆڕشی ژینا هەوێنی هەموو شۆڕشەکان




دواڕۆژ

شۆڕشی ژینا کە بە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی لە کوردستانەوە هەڵگیرسا و بە خێراییەکی بێوێنە ئێران و جیهانی داگرت، سێ ساڵی تێپەڕاند و هێشتا باس لە سەر ئەم شۆڕشە و دروشمەکەی و لایەنە جۆراوجۆرەکانی بە گەرمیی بەردەوامە.
ئەم شۆڕشە کە بەرهەمی دەیان ساڵ خەبات لە کوردستان بوو، ئێستا بووە بە هاندەر و هۆکار و بزوێنەری ئاخێز و هەستان و تێکۆشانی جەماوەریی لە کوردستان و هەر شوێنێک کە نابەرابەری و ستەم و چەوسانەوە و داگیرکاریی تێدا حوکم دەکا.
شۆڕشی ژینا پێگە و مەوقعییەتێکی بەرزتری بە بزووتنەوەی کوردستان بەخشی، پشتیوانی و سۆزی جیهانیی بۆ کوردستان ڕاکێشا، کە نزیک بە نیو سەدەیە لە بەرامبەر یەکێک لە هارترین ڕژیمەکانی سەردەم کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تەنانەت جیهانیشی وەزاڵە خستبوو، سەرسەختانە و کۆڵنەدەرانە ڕاوەستاوە و تێکۆشان و خۆڕاگریی بووە بە کولتوور و ژیانی ڕۆژانەی.
بزووتنەوەی کوردستان پاش ئەم شۆڕشە بوو بە خاوەنی پێگەیەکی سەقامگیرتر لە دڵی نەتەوە ژێردەستەکان، ژنانی زوڵملێکراو و خەڵکی زەحمەتکێش و جیهانی خوازیاری یەکسانی و ئازادی.
ئەگەر خۆڕاگری و خەباتی دەیان ساڵەی کوردستان لە دژی ڕژێمی داگیرکەری ئێران، کوردستانی کردبوو بە سەنگەرێکی لەشکان نەهاتوو، شۆڕشی ژینا پێگە و ناو و ناوبانگی کوردستانی، جیهانیی کردەوە، کە نەک هەر لە دژی داگیرکاریی و تیرۆریزم و ئێعدام تێدەکۆشێ، بەڵکوو هاوار و بانگەوازی پێشڕەوترین خواستەکانی مرۆڤی سەردەمە بۆ ژیانێکی سەردەمیانە و ئینسانی و بەرابەر.
شۆڕشی ژینا و ژن، ژیان، ئازادی بەرینترین، بەهێزترین و جەماوەریترین بزووتنەوەی ناڕەزایی لە دژی ڕژیمی ئیسلامیی ئێران بووە کە ڕزگاریی لە داگیرکاری و نایەکسانی و چەوسانەوە و گەیشتن بە ژیانێکی ئینسانی و سەردەمیانەی کرد بە داخوازییەکی جیهانی.
شۆڕشی ژینا، شۆڕشێک نییە کە لە قۆناغێکەوە دەستیپێکردبێت و کۆتایی پێهاتبێت، ئەم شۆڕشە بەردەوامە. باس و لێکۆڵینەوە لە سەر لایەنەکانی بەردەوامە، شۆڕشێکی سیاسی و کولتوورییە لە دژی داگیرکاری، بۆ گۆڕینی پیاوسالاریی و نەریتە چەقبەستووەکانی کۆمەڵگا، بۆ ئازادییە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکان، و تا بە ئاکام گەیاندنی ئەو هەنگاوە گەورەیەی بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی یەکسان بە پێشڕەوترین پێوەرە مرۆڤانەییەکان هەڵگیراوە، درێژەی دەبێت.
شۆڕشی ژینا، شۆڕشێکە ڕوو لە داهاتوو، گەشترین چرایە بۆ نەتەوەیەکی بندەست و وڵاتێکی داگیرکراو، بۆ خەباتی ژنانی زوڵملێکراو و یەکسانیی ڕەگەزی، بۆ خەڵکی هەژار و چەوساوەکان و خەڵکی تینووی دادپەروەریی و بەرابەری.
ئێستا کە لە سێهەمین ساڵڕۆژی ئەم شۆڕشە مەزنەداین، کۆمەڵگەی کوردستان و ئێران و ناوچەکە لە جەرگەی قووڵترین گۆڕانکاریی سەردەمدایە کە کوردستان و شۆڕشەکەی و داهاتووەکەی خستووەتە بەردەم ئەزموون و تاقیکردنەوەیەکی مەزن، کەم وێنە و بەرین. ڕووداوەکانی دوو ساڵی ڕابردوو نیشانیدا کە پرسی مافخوراوبوونی نەتەوەی کورد و ڕزگاری لە بندەستی چووەتە قۆناغێکی نوێ.
لە ئاستی جیهانیی هیچکات دەرفەتی ئاوا لەبار بۆ کورد نەڕەخساوە کە ناوەندە جیهانییەکان چارەنوسی کوردستان بە فاکتۆرێکی سەرەکی هەر چەشنە ئاڵوگۆڕێک بزانن. ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم ناوەدا لە شۆڕشێکی بەرین بۆ کۆتاییهێنان بە داگیرکاری نزیک دەبێتەوە و هەموو ئاماژەکان ئەوە دەردەخەن کە ڕۆژهەڵات ئامادەیە و بەرخۆدان و ئەزموونە دەوڵەمەندەکەی ٤٦ ساڵی ڕابردوو، وانەکانی شۆڕشی ژینا و یەکگرتوویی نەتەوەیی هەوێنی بەرپاکردنی ڕاپەڕینێکی یەکلاکەرەوەیە.
لە ساڵڕۆژی شۆڕشە شکۆمەندەکەی ژینادا، یەکگرتوویی حیزبەکانی کوردستان، پێکهێنانی ناوەندێکی سیاسیی کورد و قەوارەیەک کە هەم ببێتە هەوێنی یەکگرتوویی خەباتکارانی نەتەوەی کورد، هەم هێزی پێشمەرگە و هەم نوێنەرایەتیی دیپلۆماتیکی کورد لە ئاستی ناوچەیی و جیهانی یەکبخا و هەم کۆمەڵگای مەدەنیی لە هەموو کوردستان لەگەڵ یەک و لەگەڵ خۆی هاوئاهەنگ بکا، مەرجی سەرکەوتنی ڕاپەڕینی ڕۆژهەڵاتە.

**ناو و یادی گیانبەختکردووانی شۆڕشی ژینا بەرز و بەڕێزە**
**بەڕێزە ساڵڕۆژی شۆڕشی ژینا**
**بەرەو یەکگرتوویی بزووتنەوەی کوردستان و سەرکەوتنی شۆڕشی کوردستان**

دواپەیڤ

## کوردستان مەکۆی شۆڕش و بەرخۆدان!

عەزیز

شەقام لە کوڵاندایە و ڕەوتی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیی بە هەموو شێوەکان لە هەڵکشاندایە. ئەم ڕەوتە لە بەفرانباری ساڵی ١٣٩٦ هیواکانی باڵایان کرد و لە خەزەڵوەری ساڵی ١٣٩٨دا بەوپەڕی خۆی گەیشتوو لە شۆڕشی ژینادا لەنگەری خستوو بن و بنچینەی دەسەڵاتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیی هێنایە لەرزین و یەک لە دوای یەک بەرەو ڕووخاندنی بردن. بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژنان کە بە دروشمی « ژن، ژیان، ئازادی»، «نە ڕووسەری، نە تووسەری»، «مەرگ و نەمان بۆ دیکتاتۆر» و بە کردەوەی سەمبۆلیکی وەک لابردنی حیجاب لەسەر شەقام و سووتاندنی هاتە مەیدان، یەکێک لە پایە گرنگەکانی دەسەڵاتی سیاسی و ئایدیۆلۆژیی دەسەڵاتیی ئیسلامیی تێکشکاند. ئەم شۆڕشە بە کردەوە بزووتنەوەی ڕزگاریی ژنی نەتەنیا لە کوردستان و ئێران، بەڵکوو لە ئاستی ناوچەکەدا بردە قۆناغێکی نوێوە. بزووتنەوەی ژنان دەرفەتێکی گونجاوی بۆ هێزەکانی نەیاری کۆماری ئیسلامیی لە کوردستان خوڵقاندوە کە دەبێ پشتیوانی و بەهێز بکرێ، بەهێز کردنی ئەم خەباتە دەتوانێ سەنگەر بەسەنگەر پاشەکشە بە دوژمنانی راستەقینەی خۆی بکات و خۆی لە نێو چەقی گۆڕانکارییەکاندا، هەوڵ بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی خۆی بدات. ئەم خەباتە و ئەم پێشەوە چوونە بە هەوڵی، یەکەم ژنان خۆیان و دووهەم بە هەوڵی چالاکانی چەپ لە کوردستان تۆمار کرا. شک لەوە دانیە ئەمە هەوڵ و تەقەڵا و تێکۆشانی چەپەکان بوو کە بێ وچان و پشت ئەستوور بە خەباتی پێشوویان ڕێرەوی شۆرشی ژنانیان لە کوردستان خۆش و پاشەکشەیان بە بیری تەسکی دژی ژن بوون کرد تا ژنان وەکوو هەمیشە قورسایی خۆیان لە خەباتدا هەبێت.
شۆڕشی ژینا پرسی ژنی جارێکی تر هێنایە سەروی هەموو پرسە گرنگەکان. بۆ یەکەمین جار خەباتی ژنانی لە شپرزی خۆی هێنایە دەرەوە و ڕێکخراوتری کرد. بەجۆرێک کە بە شەهامەتەوە دەتوانین بڵێین کە ئەم شۆڕشە خەباتی ژنانی کرد بە بزووتنەوەیەکی جەماوەری و سیاسی گەورە و کاریگەر و هێزی سەرەکی و بزوێنەری شۆڕش هەم بۆ قۆناغی ئێستا و هەم بۆ قۆناغەکانی تری خەبات لە داهاتوودا.
٤٦ ساڵە کوردستان مەکۆی شۆڕش و سەنگەری خەبات و تێکۆشانە و ترپەی دڵی هەموو شۆڕش و بەرخۆدان و ململانێیەکانی کۆمەڵانی خەڵک بووە دژی دەسەڵاتی نەحەسی کۆماری ئیسلامیی. خەباتی کوردستان پشت ئەستوور بووە بە بەشداری ژنان و پیاوانی چەپ و عەداڵەتخواز و یەکسانی خواز. لەم مەڵبەندەدا بەستینی شۆڕش و هەستانەوە و خرۆشی جەماوەریی بەهێزە و لە لووتکەدایە و ئاگری قینی و تورەیی جەماوەر بە دژی دیکتاتۆریەتی کۆماری ئیسلامیی نەک نەوەستاوە بەڵکوو بەردەوام لە هەڵکشاندایە. کوردستان بەردەوام جەمسەرێکی گرنگ بووە بۆ خەبات و تێکۆشان و هەروەها ڕەمزی شۆڕشیشە بە پانتایی هەموو ئێران. لە بارودۆخی ئێستادا چارەنووسی کۆماری ئیسلامی نادیار و لە تاریکایی دایە و لە هەموو لایەکەوە کەوتۆتە بەر قین و تورەیی.
کوردستان بە کردوە سەڵماندویەتی کە مەیڵ و خواست و هێز و پۆتانسیەلی ئەوەی هەیە ببێتە خاوەنی ناوەندێکی بەهێز و یەکگرتوو. ناوەندێک پێکهاتوو لە ژنان و پیاوانی ئازادیخواز کە خوازیاری لە گۆڕنانی هارترین ڕژیمەکانی سەردەمە و ئاسۆی دواڕۆژیشی دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی شیاوی ئینسانییە.
شۆڕش و بەرخۆدانەکانی تا ئێستا ڕەوتی لاوازبوونی حکوومەتی ئیسلامیان خێراتر کردووەتەوە و بۆ جارێکی دیکە دۆسیەی چارەنووسی دەسەڵاتی سیاسی بەڕووی کۆمەڵگەی کوردستان کردووەتەوە. لە ئاستی ئەم ڕەوتە و بۆ وەڵامدانەوە بە پرسە سەرەکییەکانی پرۆسەی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیی و ئەگەرەکانی بەردەم، دەخوازێت، خەباتمان ئەمرۆییترو یەکگرتووتر کەین بۆ وەڵامدانەوە بە پێویستییەکانی ئەمڕۆی کوردستان و بۆ روخاندنی داگیرکەر.